خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

لە ماڵ پارێزراو دەبین

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5962) یەک شەممە 28ی حوزەیران 2020 «12» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری بەرگریی عێراق کرد

هەڕەشەی تیرۆر و هەماهەنگی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێ کران

جەخت لەسەر بڕەودان بە کولتووری پێکەوەژیانی پێکهاتەکان کرایەوە



ڕۆژی پێنجشەممە 25ی 6ی 2020لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە جومعە عناد سەعدون وەزیری بەرگریی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا وەزیری بەرگریی عێراق سڵاوی سەرۆکوەزیرانی عێراقی بە سەرۆک بارزانی گەیاند و کورتەیەکی لە بارودۆخی ئەمنی و سیاسیی عێراق و هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش لە پارێزگاکانی ناوەندی عێراق خستەڕوو.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش و بڕەودانی کولتووری پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان کرایەوە.

لەم دیدارەدا سەرۆک بارزانی هیوای سەرکەوتنی بۆ وەزیری بەرگریی عێراق خواست لە ئەرک و کارەکانیدا.

سەرۆکی حکوومەت جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا دەکاتەوە



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جومعە عەناد سەعدون وەزیری بەرگریی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کرا.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



د.جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین:

توانامان هەیە چ لە ماستەر چ لە دکتۆرا ڕێژەی کورسی زیاد بکەین

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



هاوردەی زێڕ بە ڕێژە 50٪ کەمی کردووە

لە هەرێمی کوردستان 500-600 پێشانگای زێڕ ئەگەری داخستنیان هەیە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



ل ناحیا دەرکاریێ پتر ژ 100 دۆنمێن دارستانێ ژ بەر شەرێ تورکیا و پەکەکێ هاتینە سوتن

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

پارێزگەرێ دهوکێ یێ نوو ب زورینەیا دەنگان هاتە هەلبژارتن



ل هولا جڤاتا پارێزگەها دهوکێ و ب ئامادەبونا فەهیم عبدالله سەروکێ ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ و ئەندامێن جڤاتێ رونشتنا نە ئاسایێ یا ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ هاتە ل دارخستن ژبو هەلبارتنا د. علی تەتەر وەکو پارێزگەرێ دهوکێ. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

فازڵ میرانی بەشداری لە کۆنفرانسی حزبی شیوعیی چینی و حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبیدا کرد



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی لە هەولێرەوە بەشێوەی ڤیدیۆ کۆنفرانس بەشداری لە کۆنفرانسی ئۆنلاینی حزبی شیوعیی چینی و حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی کرد، لەمیانەی کۆنفرانسەکەشدا وتارێکی پێشکەشکرد. لە کۆنفرانسەکە سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی وتارێکی پێشکەشکرد و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سڵاوی گەیاندە حزبی شیوعیی چین و گەل و حکوومەت و سەرۆکی ئەم وڵاتە و سوپاسی داوەتەکەی کردن بۆ کۆنفرانسەکە، هاوکات سوپاسگوزاری خۆی ئاراستەی بالۆیزخانەی چین لە عێراق و کونسوڵخانەی ئەم وڵاتە لە هەرێمی کوردستان کرد کە ڕۆڵی ئەرێنیان لە پێشخستنی پەیوەندی نێوان هەردوولادا گێڕاوە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بالۆیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا:

سنوورەکانی هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی پارێزراون

بالۆیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕایگەیاند ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە دۆخی ئەمنی عێراق بڵاوکردەوە، ئاماژە بەوە دەکات توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە پاراستی ئاسایشی سنووری وڵات سنووردارە و بۆشاییەکی گەورە لە سنووری عێراق و سووریا و ئێران بوونی هەیە. ئەمەیش لەکاتێکدایە کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان زۆر بەباشی لەلایەن هێزکانی ئاسایش سەر بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پارێزراون. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)




شاندی هەرێم چەند پرسێکی گرنگ لەگەڵ بالۆیۆزخانەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا تاوتوێ دەکات

شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکوەزیران لەگەڵ هەردوو بالۆیۆزخانەی ئەمەریکا و بەریتانیا لە بەغدا کۆبوونەوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

خەبات بە PDF دەردەچێت

خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەکەمان ئاگادار دەکەینەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پابەند بوون بە ڕێنمایی تەندروستی، بۆ پاراستنی گیانی کارمەندانی چاپخانە، بەشێوەیەکی کاتی (خەبات)ی کاغەز دەرناچێت، بەڵکو بەشێوەی pdf دەردەچێت، دەتوانن ڕۆژانە لاپەڕەکانی خەبات لە ماڵپەڕ بخوێنەوە.
بەهیوای سەلامەتی هەموو لایەک



کورد

دوای کتێبەکەی جۆن بۆڵتن

(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)

بارودۆخی شنگال لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی عێراقدا نەماوە

مەحما خەلیل قائیمقامی شارۆچکەی شنگال دەڵێ بەهۆی بوونی هێزی لە یاسادەرچوو شنگال لەدەست حکوومەتی عێراقدا نەماوە و ئاوارەکانیش ناتوانن بگەڕێنەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشیی بۆ کۆچی دوایی لیوا خدر حوسێن سورچی بڵاوکردەوە

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر لیوا خدر حوسێن سورچی بروسکەیەکی سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری کۆچکردوو دەکات لە بروسکەکەدا سەرەخۆشیی لە خانەوادە و کەسوکاری ناوبراو دەکات ،ئەمەش دەقەیەتی:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر لیوا خدر حوسێن سورچیمان پێ گەیبیشت. پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو لیوا خدر حوسێن سورچی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە گشت لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا اليه راجعون

مسعود بارزانی

27ی6ی 2020



سبەی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەکات کە سبەی دووشەممە 29/6/2020بەشداری دانیشتنی ژمارە 5ی ئاسایی خولی بەهارە بکەن، کە تایبەتە بە دەنگدان لەسەر پێشنیازەبڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازەیاسا و پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، هەروەها درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم.

دوێنێ شەممە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتی رۆژی دووشەممەی پەرلەمانی بڵاوکردەوە، بەگوێرەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، رۆژی دووشەممە دەنگ لەسەر پێشنیازەبڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازەیاسا و پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان دەدرێت، هەروەها بەمەبەستی درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگریی عێراق کرد

سەرۆکی حکوومەت جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا دەکاتەوە

وەزیری بەرگریی عێراق: پێویستە هەماهەنگییەکی باش لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا هەبێت



رۆژی پێنجشەممە 2020/6/25مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جومعە عەننا د سەعدون وەزیری بەرگریی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کرا.

وەزیری بەرگریی عێراق تیشکی خستە سەر زیادبوونی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش و ئاماژەی بەوەدا کە داعش دوژمنی هەموومانە و جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا ناکات، بۆیە پێویستە هەماهەنگییەکی باش لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا هەبێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە گرنگی کاراکردنەوەی میکانیزمی هەماهەنگی ئەمنی هاوبەش لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا کرد و هێزی بەرگریی عێراق ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشی دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە ڕێگەی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە لە بەرژەوەندی هەموو هاوواڵاتییانی عێراقدا بێت.

شاندی هەرێم چەند پرسێکی گرنگ لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا تاوتوێ دەکات



شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکوەزیران لەگەڵ هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا و بەریتانیا لە بەغدا کۆبوونەوە.


لە کۆبوونەوەکاندا کە رۆژی 25حوزەیرانی 2020 بەڕێوەچوو لەبارەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دوا پێشهاتەکانی ڕەوشی عێراق گفتوگۆ کرا، هەردوو باڵیۆزخانە پشتیوانی خۆیان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن دووپاتکردەوە لەپێناو یەکلابوونەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەت نەخۆشی کۆرۆنا و مەترسییەکانی ڕێکخراوی داعش لەناوچە جێناکۆکەکان.

هێزە ئەمنییەکانی عێراق نەیانتوانیوە ناوچە رزگارکراوەکانی ژێردەستی داعش کۆنترۆڵ بکەن

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا: سنوورەکانی هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی پارێزراون

ئێران پاڵپشتی هێرشی میلیشیا شیعەکان بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا دەکات

هێزەکانی حەشدی شەعبی چالاکی بۆ تێکدانی سەقامگیری لە عێراق و سووریا ئەنجام دەدەن



باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا رایگەیاند ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە دۆخی ئەمنی عێراق بڵاوکردەوە، ئاماژە بەوە دەکات توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە پاراستی ئاسایشی سنووری وڵات سنووردارە و بۆشاییەکی گەورە لە سنووری عێراق و سووریا و ئێران بوونی هەیە.

ئەمەیش لەکاتێکدایە کە سنووردارە و بۆشایەکی گەورەش لە سنووری عێراق لەگەڵ سووریا و ئێران بوونی هەیە، ئەمەیش لە ک

چین بە فەرمی بانگهێشتی بەشداریکردنی پارتی لە کۆنفرانسەکەدا کرد

فازڵ میرانی بەشداری لە کۆنفرانسی حزبی شیوعیی چینی و حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبیدا کرد



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵێرەوە بەشێوەی ڤیدیۆ کۆنفرانس بەشداری لە کۆنفرانسی ئۆنلاینی حزبی شیوعیی چینی و حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی کرد، لەمیانەی کۆنفرانسەکەشدا وتارێکی پێشکەشکرد.

کۆنفرانسەکەدا کە لە ڕێی ڤیدیۆ کۆنفراسنەوە بەڕێوەچوو، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی وتارێکی پێشکەشکرد و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سڵاوی گەیاندە حزبی شیوعیی چین و گەل و حکوومەت و سەرۆکی ئەم وڵاتە و سوپاسی داوەتەکەی کردن بۆ کۆنفرانسەکە، هاوکات سوپاسگوزاری خۆی ئاراستەی باڵێۆزخانەی چین لە عێراق و کونسوڵخانەی ئەم وڵاتە لە هەرێمی کوردستان کرد کە ڕۆڵی ئەرێنیان لە پێشخستنی پەیوەندی نێوان هەردوولادا گێڕاوە.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دووپاتیشی کردەوە کە چین وڵاتێکی گرنگە و خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە بە تایبەتی لە بوارەکانی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا، جەختیشی لەسەر پێویستی بەردەوامبوونی پەیوەندی نێوان هەردوولاش کردەوە بە تایبەتی لە بارودۆخی ئێستادا کە جیهان بەتەواوی بەهۆی هەڕەشەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەناڵێنێت و نیگەرانی خۆیشی نیشان دا کە ئەم پرسە لەلایەن چەندین وڵات و لایەنی سیاسییەوە بە سیاسیکراوە، داواشی کرد هەرچی زووە هەموو وڵات و ڕێکخراو و تاقیگەکانی جیهان کار بۆ دۆزینەوە پێکوتەی تایبەت بەم ڤایرۆسە بکەن تا لە داهاتوودا هەڕەشەی زیاتر لە جیهان نەکات. لە کۆتاییدا میرانی جارێکی دیکە سوپاسی هاوڕێیانی لە حزبی شیوعیی چین و سەرکردایەتی ئەم حزبە کرد و هیوای خواست پەیوەندی نێوان هەردوو حزب بەردەوام بێت و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت بۆ بەرژەوەندی هەردوو حزب و بۆ چەسپاندنی ئاشتەوایی لە جیهاندا.

شایەنی باسە چین هەوڵدەدات گرنگی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی بدات، بۆیە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی شیوعیی چین، کۆبوونەوەی کۆنگرەی دیالۆگی نێوان حزبی شیوعیی چین و حزبەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لە 22تا 24ی ئەم مانگە ڕێکخست، بۆیە دیارترین حزبەکانی بۆ کۆنگرەکە داوەت کرد، لەنێویاندا بانگهێشتنامە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هات و سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی بەشداری لە ڤیدیۆ کۆنفرانسەکەدا کرد. لە کۆنفرانسەکەدا هاوکێشەی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی دوای پەتای کۆرنا، پەیوەندییەکانی شەراکەتی چینی عەرەبی دەستپێشەری حزبەکان بۆ پتەوکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە قەڵاچۆکردنی پەتاکەدا.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەخۆشی لە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو (تەمینە ئەحمەد) کە دەکاتە دایکی هاوسەری کۆسرەت ڕەسوڵ پرسنامەیەکی بڵاوکردەوە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێز/ کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (تەمینە ئەحمەد)ی دایکی هاوسەری بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خوای گەورە داواکارین سەبوری هەموو لایەک بدات و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
25ی6ی2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم پرسەنامەیەکی بەبۆنەی کۆچی دوایی لیوا خدر حوسێن سورچی بڵاوکردەوە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی لیوا خدر حوسێن سورچی پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پرسەنامەکەدا پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کۆچکردوو دەکات.

دەقی پرسەنامەکەی سەرۆکی حکوومەت:

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی لیوا خدر حوسێن سورچی-م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/6/26

پارێزگەرێ دهوکێ یێ نوو ب زورینەیا دەنگان هاتە هەلبژارتن

خەبات- دهوک:

ل ڕۆژا 2020 -6-25ل هولا جڤاتا پارێزگەها دهوکێ و ب ئامادەبونا فەهیم عبدالله سەروکێ ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ و ئەندامێن جڤاتێ رونشتنا نە ئاسایی یا ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ هاتە ل دارخستن ژبو هەلبارتنا د. علی تەتەر وەکو پارێزگەرێ دهوکێ.

پاش ڕێورسمێن دەنگ هاتنە گێران و ئەندامێن ئەنجومەنی ب زورنەیا دەنگا ئانکو ب 27دەنگا ژ سەرجەمێ 28 دەنگێن ئەنجومەنی د.علی تەتەر وەکو پارێزگەرێ دهوکێ یێ نوو هەلبژارت.



پارێزگەرێ دهوکێ یێ نوو دپەیڤێکێدا سوپاسیا سەروک وئەندامێن ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ کر کو باوەری دای و ب زورینا دەنگ هاتیە هەلبژارتن و ئەرکێ خۆ یێ نوی ب باشی بجهینن و ب ڕێکا ڕاست و دروست بچن.

بەغدا..خۆپیشاندان بۆ پاڵپشتی لە ڕێوشوێنەکانی حکوومەت دژ بە کەتیبەکانی حزبوڵڵا بەڕێوەچوو

خۆپیشاندەرێک: گرووپە چەکدارەکان مووچە لە عێراق وەردەگرن و خزمەتی وڵاتانی دیکە دەکەن



هەزاران خۆپیشاندەر لە بەغدا و چەند شارێکی ترەوە ئەمڕۆ هەینی داوایان کرد حکوومەت دژ بە گرووپە چەکدارەکان هەڵوێست وەربگرێت و ڕێگە لە چالاکییەکانیان بگرێت.

ئەم خۆپیشاندانە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە ئەمڕۆ هەینی ڕۆژی دووەمی ئەو خۆپیشاندانانە بوو کە داوای ڕاگرتنی چالاکییەکانی گرووپە چەکدارەکانی دەکرد.

ئەو خۆپیشاندانانە لە ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمەوە دەستیان پێکردووە و تا ئێستا ٤٠ کەس گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسیش بریندار بوون.

ئەو خۆپیشاندانانە لە ئەنجامدا بۆ پاڵپشتی لەو ڕێوشوێنانەی حکوومەتی عێراق دژ بە کەتیبەکانی حزبوڵڵا گرتوونیەتیەبەر.

لەمیانەی خۆپیشاندانەکەدا خۆپیشاندەران ستایشی هێزەکانی دژەتیرۆریان کردووە لەوەی لە ئۆپەراسیۆنێکدا ژمارەیەک ئەندامی کەتیبەکانی حزبوڵڵایان دەستگیر کردووە. لەمبارەیەوە خۆپیشاندەرێک بە ناوی حوسێن مەحمود گوتی: پێویستە هێزەکانی سوپا ڕووبەڕووی سەرجەم ئەو گرووپە چەکدارانە ببنەوە.

گوتیشی: ئەو گرووپە چەکدارانە مووچە لە عێراق وەردەگرن و تەنانەت هەر لە وڵاتدا پرچەک دەکرێن، بەڵام خزمەت بە بەرژەوەندی وڵاتانی دیکە دەکەن.

ڕۆژی هەینی لە بەغدا هێزێکی سەر بە دژەتیرۆر هەڵیکوتایە سەر بارەگایەکی کەتیبەکانی حزبوڵڵای عێراق سەر بە حەشدی شەعبی نزیک لە ئێران کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت هێرشی مووشەکیان کردووتە سەر ناوچەی سەوز و 13کەسیان دەستگیر کرد. لە بەرانبەریشدا هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی هەڵیکوتایە سەر بارەگاکانی هێزەکانی ئەمەریکا لە بەغدا کەوتە بەر هێرشی مووشەکی و هەندێک گرووپی ناو حەشدی شەعبی بە ئاشکرا بەرپرسیارێتی خۆیان لە هەڵدانی مووشەکەکان و بە ئامانجگرتنی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا ڕاگەیاندبوو.

مەحما خەلیل بۆ «خەبات»: بارودۆخی شنگال لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی عێراقدا نەماوە

ئێزیدی و ئاوارەکانی تری دەڤەرەکە لە ترسی پەکەکە ناوێرن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

مەحما خەلیل قائیمقامی شارۆچکەی شنگال دەڵێ بەهۆی بوونی هێزی لە یاسادەرچوو شنگال لەدەست حکوومەتی عێراقدا نەماوە و ئاوارەکانیش ناتوانن بگەڕێنەوە.

مەحما خەلیل قائیمقامی شنگال بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: حکوومەتی عێراق و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادارکردووەتەوە کە چەکدارانی پەکەکە بەشێوەیەکی نایاسایی دەستیان گرتووە بەسەر ڕەوشی سەربازی و ئەمنی و ئیداری شنگالدا و بەهۆیەوە ئەگەری بۆردوومانکردنی ئەم شارە لەلایەن تورکیا و شەهید و برینداربوونی خەڵکی سڤیلی شارەکە بووەتە جێی مەترسی و بەشێک لە ئێزیدییەکان و ئاوارەکانی ئەو دەڤەرەش دەیانەوێت جارێکی تر ماڵ و موڵکیان بەجێبێڵنەوە و لە پاڵ ئەوەشدا چەکدارانی پەکەکە ڕێگە نادەن خەڵکی ئەو دەڤەرە بەئارامی بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

شایانی باسە دوای 16 ئۆکتۆبەری 2017 هێزەکانی پێشمەرگە وەک کەرکووک و خانەقین و زۆر ناوچەی تری کێشەلەسەر، لە شنگال کشانەوە و حەشدی شەعبی و پەکەکە جێگەیان گرتەوە و بەهۆی جموجۆڵی سەربازیانەوە چەند جارێک تورکیا بارەگاکانی پەکەکەی کردووەتە ئامانج و ترس و دڵەڕاوکێشی خستووەتە دڵی ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە ماڵوحاڵی خۆیان.

تا ئێستا 40 ڕۆژنامەنووس لە عێراق تووشی کۆرۆنا بوون

عێراق نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسانی تووشبوو بە کۆرۆنا دەکاتەوە

نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، موئەید لامی ڕایگەیاند کە تا ئێستا، 40ڕۆژنامەنووس لە عێراق تووشی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ((COVID-19بوون. موئەید لامی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کردووە، بەپێی ئەو ئامارانەی کە دەستیان گەیشتووە، تا ئێستا، 40 ڕۆژنامەنووس لە عێراق تووشی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون. ئاماژەی بەوەیشداوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەهۆی ئەوەی لە میانی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا لەگەڵ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرکەوتنیان هەبووە، تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، موئەید لامی باسی لەوەشکرد کە ڕەوشی زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تووشی کۆرۆنا بوون، جێگیرە و گوتیشی: ئەگەر پێویست بکات، ئەوە ئامادەین لە داهاتوودا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بکەینەوە.

بەپێی دواینێ ئامارەکان تا ئێستا، 41هەزار و 193کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و 559کەس گیانیانلەدەستداوە و 18هەزار و 859ی دیکەیش چاکبوونەتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش چەند ڕۆژنامەنووسێک تووشی کۆرۆنا بوونە، بەڵام ڕەوشی تەندروستییان جێگیرە.

وەزیری شارەوانی: هەر هاوواڵاتی و فەرمانبەرێک فەرمانی وەرگرتنی زەویی هەبێت پێی دەدرێت



سێ ساڵ پێش ئێستا، لە رێگەی فۆرمێکەوە ناوی کرێنشینان و ئەوانەی سوودمەند نەبوونە لە وەرگرتنی زەوی، تۆمار کراوە و وەزیری شارەوانییش دەڵێ، دابەشکردنی زەوی پەیوەستە بە سیاسەتی گشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە و هەر کاتێک بڕیار بدرێت بۆ دابەشکردنی زەوی، شارەوانی جێبەجێی دەکات.

ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: هەر کەسێك لە هاووڵاتی و فەرمانبەر پێشتر فەرمانی وەرگرتنی زەویی هەبێت، بێگومان مافی نافەوتێت و زەویی پێ دەدرێت، بە تایبەتی هەر خانەوادەیەکی سەربەرزی شەهیدان فەرمانی هەبووبێت، زەویی پێ دراوە.

وەزیری شارەوانی جەختی کردەوە: تەنیا لە حاڵەتێك نەبێت لە هەندێ شار و شارۆچکە زەوی ئیفرازکراو نەبێت دواکەوتبێت پێدانی زەوی، بەڵام لە سەنتەری شارە گەورەکان هەموو خێزانێکی شەهید سوودمەند بووە لە وەرگرتنی زەوی بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

لەبارەی دابەشکردنی زەوی بۆ کرێنشینان و فەرمانبەران، ساسان عەونی گوتی: دابەشکردنی زەوی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە وەك شارەوانی، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەتی گشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر کاتێك بڕیار بدرێت لەلایەن حکوومەتەوە، وەزارەتی شارەوانی ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن.



لە لایەن جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشرا

پێشمەرگەی ماندوونەناس ئەسعەد ڕەشۆ مێرگەسۆری کۆچی دوایی کرد

خەبات- بارزان- سەفەر ژاژوکی:

دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، پێشمەرگەی ماندوونەناسی گەلەکەمان، هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر، ئەسعەد ڕەشۆ مێرگەسۆری لە گوندی خۆشکانی سەر بە دەڤەری بارزان لە تەمەنی 89 ساڵی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی قەزای مێرگەسۆر بەخاك سپێردرا.

خوالێخۆشبوو ساڵی 1931 لە مێرگەسۆر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ لەدایکبووە، کوڕی ڕەشۆ مەلا خاڵ هەمزە مێرگەسۆری، مرید و تابعی بنەماڵەی بارزانە، لە تەمەنی یەك ساڵی دابووە لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی تورکیا دەبێت، ساڵی 1945 لەگەڵ برای شەهیدی فەرمانده میرزائاغا ڕەشۆ دەچێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەتەمەنی 15 ساڵی دا چەکی هەڵگرتووە بۆ بەرگریکردن لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕۆڵی لە چەندەها داستان هەبووە و بەشداری لە شەڕەکانی دەشتی شنۆ دەکات، هەروەها یەکێك بووە لە هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر و دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەمەهاباد چوویتە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، دەرچووی زانکۆی کشتوکاڵی تاشکەندە، ساڵی 1959 دوای 12 ساڵ ئاوارەیی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە کوردستان شاد دەبێتەوە، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول دەکات. ساڵی 1978 ڕژێمی عێراق ماڵیانی گواستۆتەوە بۆ کومەڵگای زۆرە ملێی ساراداو لە ناحیەی مەزنێ. خوالێخۆشبوو مرۆڤێکی تیکۆشەر و دڵسۆز و کەسایەتی دەڤەری بارزان بووە، لە کونگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر خەبات و تێکۆشانی لە لایەن جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشرا.

بڕیاری کڕینەوەی بڕێکی دیکەی گەنمی جووتیاران درا



بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، بەدەر لەو ٣٩٠ هەزار تۆن گەنمەی کە حکوومەتی بەغدا لە جووتیارانی هەرێمی کوردستانی دەکڕێتەوە، کارگەکانی ناوخۆی هەرێمیش بڕیاران داوە ٢٠٠ هەزار تۆن گەنمی جووتیاران بکڕنەوە.

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بۆ ئەمساڵ حکوومەتی بەغدا ٣٩٠ هەزار تۆن گەنم لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان دەکڕێتەوە کە تاوەکوو ئێستا ٤٠٪ی ئەو ڕێژەیە لە سایلۆکان وەرگیراوە. گوتیشی: بەدەر لەوە بۆ ئەمساڵ کارگەکانی ئالیك لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بڕیاریان داوە ٢٠٠ هەزار تۆن گەنم لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان بکڕنەوە.

کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کارگەکانی ناوخۆوە، سەرەتای کەوتنە واری جێبەجێکردنی بڕیاری کڕینەوەی گەنمی جووتیارانە کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری لەسەر دەکرێت.

جێگەی ئاماژەپێکردنە حکوومەتی عێراق تەواوی بەرهەمی گەنمی شارەکانی عێراق وەردەگرێت، بەڵام لە کۆی دوو ملیۆن تۆن گەنم تەنها ٣٩٠ هەزار تۆن گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت و بەپێی گوتەی نەوزاد ئەدهەمیش بڕی گەنمی دیکە وەك تەواوکارییەك لە ولاتان هاوردە دەکات.

مۆڵەتی چاودێری بەخێوکەر بەبێ ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ 6 مانگ درێژ دەکرێتەوە

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بریارێکی لە بارەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی چاودێری بەخێوکەر دەرکرد و بە پێی بڕیارەکەش ئەو فەرمانبەرانەی مۆڵەتی چاودێری بەخێوکەریان هەیە و وچانەکانیان تەواو دەبێت، وچانەکانیان بۆ ماوەی ٦ مانگ بۆ درێژ دەکرێتەوە بەبێ داواکردنی ڕاپۆرتی پزیشکی.

وەزارەتی دارایی لە گشتاندنێکیدا کە لە بەرواری ٢٢ی٦ی٢٠٢٠ بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دەریکردووە ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە قایرۆسی کۆرۆنا و کەمکردنەوەی بەریەککەوتن، مۆڵەتی چاودی بەخێوکەری کەمئەندام بە بێ ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ ٦ مانگ درێژ دەکرێتەوە.

ل ناحیا دەرکاریێ پتر ژ 100 دونمێن دارستانێ ژ بەر شەرێ تورکیا و پەکەکێ هاتینە سۆتن

ڕێڤەبەرێ ناحیا دەرکاریێ ل قەزا زاخۆ دیارکرکو دڤان دوو ڕۆژێن بۆریدا پتر ژ ١٠٠ دونمێن دارستان و پاوانێ گوندان ل دەرکاریێ ژ ئەنجامێ شەرێ تورکیا وپەکەکێ هاتیە سۆتن.

زێرەڤان موسا، ڕێڤەبەرێ ناحیا دەرکاریێ ل قەزا زاخۆ بۆ باسنیوز دیار کر کو: ژ ئەگەری شەرێ تورکیا وپەکەکێ زیانەکا مەزن گەهشتیە دەڤەرا دەرکاریێ و دوهی ژی تورکیا لەشکەرێ خوە ڕەوانەی سەر پشکەکا ژ چیایێ خامتیری بکەت. شەرەکێ دژوار ناڤبەرا پەکەکێ و سوپایێ تورکیا دا چێبوو. ئەڤە هەموو بوویە ئەگەر ترس بۆ وەلاتییێن سڤیل ل گوندیێن دەرکاریێ دروست ببیت و خەلك نەشێن بچنە سەر کاریێن خوە پێن ڕۆژانە. هەروەسا بۆردومانکرنا دەڤەرێ بوویە ئەگەر دارستان وپاوانێ گوندان بهێتە سۆتن نها پتر ژ ١٠٠ دونمێن دارستانێ هاتینە سۆتن. خۆیا ژی کر کو نها دەمێ بەرهەمێ خیار و باجانێن سۆرە لێ خەلك نەشێن بچن بکەن هەموو دێ پێڤە خراب بیت دێ زیانەکا زۆر مەزن گەهتە جۆتیاران چونکە هەموو جۆتیار چاڤەرێ ڤێ وەرزێ دکەن بۆ فرۆتنا بەرهەمێن خوە. نۆکە شەرێ تورکیا وپەکەکێ بوویە ئەگەر بەرهەمێ جۆتیاران وەسا بمینت نەشێن بچن بینن بۆ فرۆتنێ.

بڕیارە ئەمڕۆ تاقیکردنەوەی پەیمانگە حکوومی و ناحکوومییەکان دەستپێبکات



بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەمە ٢٠٢٠/٦/٢٨، تاقیکردنەوەی قوتابیانی پەیمانگە حکومی و ناحکوومییەکان لە هەرێمی کوردستان دەستپێبکات و ڕێکارە تەندروستییەکان لە هۆڵی تاقیکردنەوەکان دەگیرێتەبەر.

عوسمان ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەکان بە کوردستان ٢٤ی ڕاگەیاند: ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٠/٦/٢٨ تاقیکردنەوەی قوتابیانی پەیمانگە حکومی و ناحکوومییەکان دەستپێدەکات و ١٥ ڕۆژ دەخایەنێت. گوتیشی: هەموو ڕێکارە تەندروستییەکان لە هۆڵی تاقیکردنەوەکان دەگیرێتەبەر و لە هەر هۆڵێکی تاقیکردنەوە ٦ تا ٨ قوتابی تێدا دەبێت. ڕاشیگەیاند: وەزارەتی پەروەردە ئاسانکاری هاتووچۆی بۆ هەموو ئەو قوتابیانە کردووە کە لە دەرەوەی پارێزگاکانن، یان قوتابی هەیە دانیشتووی پارێزگایەکە و لە پارێزگایەکی دیکە قوتابییە.

بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگاکان، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: هەزار و ١٧١ قوتابی لە پەیمانگە حکومییەکان و ٢ هەزار و ٥٣ قوتابی لە پەیمانگە ناحکومییەکان بەشداری لە تاقیکردنەوەکاندا دەکەن.

بڕیارە ئەمڕۆ لە ٣٠ پەیمانگەی حکومی و ٤٠ پەیمانگەی ناحکومی هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوەی قوتابیان بەڕێوەبچێت، کە ئەمساڵ بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا وادەی تاقیکردنەوەکانیان دواکەوتووە.

بە تۆمەتی دزیکردن کەسێک لە هەولێر دەستگیرکرا

عەمید دلێر نەجار، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: دوای ١١ کاتژمێر کەسێك بە تۆمەتی دزیکردن لە گەڕەکی پێنجی حەسارۆکان لە شاری هەولێر دەستگیر کرا. ڕاشیگەیاند: پاش ئەوەی هاووڵاتییەك سکاڵای لای پۆلیس تۆمار کرد کە دزی لێ کراوە، دەستبەجێ تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد کرد و توانییان دوای ١١ کاتژمێر لە ئەنجامدانی تاوانەکە، کەسێك بە ناوی (ر.م.و) بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیر بکەن. ئاماژەی بەوەش کردووە: تۆمەتباری ناوبراو، دانی نا بەوەدا کە لە گەڕەکی ٥ی حەسارۆك هەشت دزیی تری ئەنجام داوە،

هاوردەی زێڕ بەڕێژەی 50% کەمی کردووە

لە هەرێمی کوردستان 500 – 600 پێشانگای زێڕ ئەگەری داخستنیان هەیە



خەبات: عەلی بانیشاری

سەندیکای زێرنگرانی کوردستان دەڵێت: ئەگەر ڤایرۆسی کۆرۆنا و بێ مووچەیی بەردەوام بێت، چاوەڕوان دەکرێت لە دوو مانگی ئایندەدا ٥٠٠-٦٠٠ پێشانگای زێڕ لە هەرێمی کوردستان دابخرێن. بەپێی ئاماری سەندیکاکە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا کەمتر لە ١١ تەن زێڕ هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە. هەندرێن وەرتی دەڵێت: لەئێستادا کڕینی زێڕ کەمیکردووە، تەنیا ئەوانەی پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن یان متمانەیان بە پارە نەماوە، دەست بۆ کڕینی زێڕ دەبەن.

بەپێی ئاماری سەندیکای زێرنگرانی کوردستان لەسەرتاسەری هەرێم ١٨٠٠ پێشانگای زێڕ و ٣٠ کارگەی دروستکردنی زێڕ و ٥٠ وەرشەی زێڕ هەن. کارگێڕ و وتەبێژی سەندیکای زێرنگرانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر کۆرۆنا و بێ مووچەیی بەردەوامی بێت، چاوەڕوان دەکرێت لە دوو مانگی داهاتوودا ٥٠٠-٦٠٠ پێشانگای زێڕ لە هەرێمی کوردستان دابخرێن، لەو ژمارەیە ١٠٠-١٥٠ پێشانگایان لە شاری هەولێر دەبن.

هەندرێن عەبدولڕەحمان وەرتی بە (خەبات)ـی ڕاگەیاند: زیاتر لە ١١ تەن زێڕ لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووە. کارگێڕ و وتەبێژی سەندیکای زێرنگرانی کوردستان دەڵێت: فرۆشتنی زێڕ زیادیکردووە، بەڵام ئەوەی ناچار نەبێت لەم کاتەدا زێڕ ناکڕێت. گوتیشی: ئەگەرچی ئێستا نرخی زێڕ بەرزە، بەڵام پێشبینی دەکرێت زیاتر بەرزبێتەوە.

> لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا کەمتر لە 11 تەن زێڕ هاوردە کراوە

ساڵانە لەسەر ئاستی جیهان ٢٥٠٠-٣٠٠٠ هەزار تۆن زێڕ بەرهەم دەهێنرێت. بەپێی ئامارەکان ١٩٧ هەزار و ٥٠٠ تۆن زێڕ لە تەواوی جیهاندا هەیە. بەشێوەیەك چین لە پلەی یەکەمی بەرهەمهێنانی زێڕ دایە و ئوستڕالیا لە پلەی دووەم و کەندا لە پلەی سێیەم و ڕووسیا لە پلەی چوارەم و ئەمریکا لە پلەی پێنجەم. ڕۆژی پێنجشەممە نرخی یەك ئۆنسە زێڕ ١٧٦٣ دۆلار بوو.

هەندرێن وەرتی دەڵێت: ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری گەورەی لەسەر بەزربوونەوەی نرخی زێڕ لە جیهاندا هەبووە. لەبارەی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەری لەسەر بازاڕی زێڕ، ناوبراو گوتی: زۆرجار بینوومانە کە نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، نرخی زێڕ دادەبەزێت، چونکە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کاریگەری لەسەر ئابووری جیهان دەبێت. دەشڵێت: هەمیشە لە سەقامگیری سیاسی و ئابووری نرخی زێڕ هەرزانتر دەبێت، بەڵام ئەگەر دۆخی جیهان ئاڵۆز و نالەبار بوو نرخی زێڕ بەرز دەبێتەوە.

سەبارەت بە هاورکردەکردنی زێڕ، کارگێڕ و وتەبێژی سەندیکای زێرنگرانی کوردستان گوتی: کۆمپانیا هەبووە لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ڕابردوودا بەتەنیا ١٤ تەن زێڕی هاوردەی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا کەمتر لە ١١ تەن زێڕ هاوردە کراوە. هەندرێن وەرتی ئاشکرای دەکات هاوردەی زێڕ بەڕێژەی ٥٠٪ کەمی کردووە.

بەگوتەی ناوبراو وەبەرهێنەران ڕوویان لە کڕینی زێڕ کردووە. لەبارەی ئەو جموجوڵەی زێڕ کە دەگوترێت لە فڕۆکەخانەی هەولێر بەراورد بە فڕۆکەخانەکانی تری عێراق زیاترە، کارگێڕ و وتەبێژی سەندیکای زێرنگرانی کوردستان دەڵێت: گومرگی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئاسانکاری زۆری بۆ بازرگانان و کۆمپانیاکانی زێڕ کردووە، لە کاتێکدا ئەمە لە فڕۆکەخانەکانی تری عێراق بوونی نەبووە.

> لەهەرێمی کوردستان 1800 پێشانگا و 30 کارگەی دروستکردن و 50 وەرشەی چاککردنەوەی زێڕ هەن





سلێمانی.. دانیشتووانی گوندێک 200 ساڵە لە ئاوی کانیاو خۆیان بەرهەمدەهێنن

خەبات: گەرمیان

گوندی خۆڵینی سەربە ناحیەی سەنگاوە و بە دووری ١٠٣ کلم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، ماوەی ٢٠٠ ساڵە لە ڕێی ئەستێڵی ئاوەوە، خۆیان بەرهەم دەهێنرێت. ئەم گوندە بە کارگەی بەرهەمهێنانی خۆیان بەناوبانگە لە ڕێی ئاوی کانیاوەوە، نەك دەریا. هاوشانی خۆی، چەندین کانزای تر لەوانە گۆگرد لە ڕێی کانیاوەکانییەوە دەست دەخرێت، ئەشکەوتی کونە کەمتیار کە نزیکی ئەم گوندەیە یەکێکە لە دڕێژترین ئەشکەوتەکانی هەرێم کە بڕێتە جێی سەرنجی زۆرێك لە گەشتیارانی بیانی و ناوخۆیی.

سەرەتا هاووڵاتیانی ئەم گوندە سەرقاڵن بە بەرهەمهێنانی خوێوە کە کوالیتیەکی بەرزی هەیە، بەپێی گوتەی خەڵکی گوندەکە، خوێیەکەیان حەوت هێندەی خوێی ئاسایی سوێرترە. کاتێك دەچیتە گوندەکەوە سەرەڕای بوونی تایبەتمەندی جیاواز لە گوندەکەدا، هەست دەکەیت کە هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ گوندە نەچووە لە خوێندنگە و شەقامی تایبەت.

ئومێد خوێڵینی کە یەکێکە لەو کەسانەی سەرپەرشتیاری بەرهەمهێنانی خۆیان دەکات لەو گوڵانەی لە ناوچەکەدا کانگایەکی باشی بەرهەمهێنانی خوێیەکەن، ئاماژە بەوە دەکات کە مێژووی دەرهێنانی خۆی لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٣٠ ئەو کات هێندە زۆر بووە، کە تەنیا بە سەتڵ دەریان کردووە و گوتی: لە باوکم و باپیرم و باوکی باپیرمەوە هەر خەریکی ئەم کارەبوون لێرە خوێیان دەردەکرد، دەتوانم بڵێم پێش ٢٠٠ ساڵە ئەم کانە خوێیە هەر هەبووە، زۆرێك لە خوێیەکانی تر لە شاخ دەیهارن، یان هەندێکیانی تری لە باشوورەوە لە کەنار و ڕۆخی دەریاکاندا بەدەستی دەهێنن، هەمووی لە گوڵاودا دەریدەهێنن، بەڵام لێرە ئاوێکی پاك هەڵدەقوڵێت، لەوێوە خوێیەکە بەرهەم دەهێنین.

ئەوان لە بەهاردا و بە دیاریکراوی لە مانگی نیسانەوە دەست دەکەن بە کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی خۆی و لەوبارەیەوە ئومێد گوتی: لە مانگی چوار و پێنجدا دەست دەکەین بە کارکردن لە نزیك ئەم ئەستێڵانە، ئەوەی قوڕی لەگەڵدا بێت جیای دەکەینەوە، گوڵەکە سواخ دەدەین و دەیکوتینەوە، ئاو دەکەینە ئەستێڵەکان، لەوێوە دەڕژێنە گوڵەکانەوە، هەتا ئەو کاتەی باران دەبڕێت، دوای ئەوە لە مانگی حوزەیران بۆ تەموز دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی خۆی و ئێمەش دەست دەکەین بە خۆی دەرکردن.

سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو خوێیە ئومێد گوتی: ئاوی کانیاوێك هەیە کە سوێرە، لەوێوە بارینەوە گوڵەکە زووتر خوێی دەرکردووە. ئومێد باس لەوە دەکات کە ناوچەکەیان ٨٣ گوڵی خوێی تێدایە، سەرجەم ڕۆژانە ٣-١٠ کەس کار دەکەن لە گوڵەکاندا بەپێی پێویستی.

ئومێد باس لەوە دەکات کە ئەوان خوێیەکە ڕەوانەی دەرەوە دەکەن و زۆر شوێن داوای ئەو جۆرە خوێیە دەکەن بەهۆی بەرزیی کوالیتیەکەیەوە، لەوانە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، سلێمانی، بازیان، هەولێر و کەرکوك-یش زۆر جار داواکاری لەسەرە و دەڵێت: لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ناوچەی شێخان پشکنین بۆ ئەم خوێیە کراوە لەلایەن کەسانی بیانییەوە، باس لەوە کراوە کە یەك کیلۆی ئەم خوێیە هێندەی حەوت کیلۆی خوێی ئاسایی تر سوێرە، بۆیە لە ڕووی کوالیتییەوە زۆر باشە و خەڵك لێی ڕازین.

> یەک کیلۆی ئەم خوێیە هێندەی حەوت کیلۆ خوێی ئاسایی سوێرە

بەبۆڕی ئاوەکە ڕادەکێشینە نێو چەند ئەستێڵێکەوە، لەو ئەستێڵانەدا ئاوەکە گل دەدەینەوە و دواتر بەسەر گوڵەکاندا دابەشیان دەکەین، دواتر لە گوڵەکانەوە خوێیەکان دەردەکەین.

ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمساڵ بەهۆی کەمی باران بەرهەمی خوێ کەمی کردووە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ جیاوازە لە ساڵانی ڕابردوو ئەوەیە کە ئەمساڵ بەهۆی ئەو ماوەیەی کە ڕێگاکان داخراون بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەمە بۆخۆی قورسی کارەکە دەردەخات.

سەبارەت بە نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست بۆ گەیشتن بە شوێنی دەرکردنی ئەو خوێیە کە بەپێی گوتەی زۆرێك لە بارزگانەکان کوالیتیەکی بەرزی هەیە، ئەو سەرپەرشتیارەی دەرکردنی خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەت بەهیچ جۆرێك ئاوڕی ئاوەدانی لەو ناوچەیەی ئەوان نەداوەتەوە هەر لە گوندەکەوە بیگرە تا شوێنی دەرهێنانی ئەو خوێیە کە دەکرێت بکرێت بە بەرهەمێکی خۆماڵی بەپێز و لە زۆر لاوە سوودی لێوە ربگیرێت.

ناوبراو باس لەوە دەکات کە بۆ ترشیات، زەیتون، بۆ خواردن دەست دەدات بەهۆی کوالیتییەوەکە و ئاماژە بەوە دەکات لەئێستادا، بەرهەمهێنانی خۆی لە ناوچەکەدا کەمی کردووە لە چاو ساڵانی ١٩٩٠دا و دەڵێت: لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ساڵانە هەزار بۆ هەزار و ٤٠٠ تەن خوێی دەردەکرد، بەڵام ساڵی پار تەنیا ٤٠٠ تەن خوێی دەکردووە لە دوای بوومەلەرزەکەی ٢٠١٧ەوە ئەو کانییە ئاوی شیرینی تێکەڵ بووە ئەو بەرهەمەی جارانی نەماوە.

> یەکێک لە بەرهەمهێنەرانی خۆی: ناوچەکەمان 83 گوڵی خوێی تێدایەو لە ئێستادا 400 تەن خۆی بەرهەم دەهێنین

ئومێد ئاماژە بەوە دەکات کە بەردەوام خوێیەکەیان کڕیاری تایبەتی خۆی هەیە لەوانە لە کەرکووك، هەولێر و سلێمانی-یەوە بەتایبەت بۆی دێن و دەیبەن و ساغی دەکەنەوە.



ئەگەر تەبا نەبین...
کیانی سیاسیمان دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە !

مافپەروەر جەواد مستەفا ستوپەیی

گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەتەواوەتی لە ژێر هەیمەنەی حزبەکاند خنکاوە و بواری پێشەوەبردنی پرۆژەی نەتەوەیی لەکار خراوە. حزبەکان و بەرژەوەندییەکانیان بوونەتە ئەهریمەن بەسەر دۆزی سەدسالەی نەتەوەیان. لەجیاتی ئەوەی حزب لە خزمەت نەتەوەدا بێت، هەموو پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی نەتەوە، بەر شاڵاوی حزبەکان کەوتووە و بوویتە خۆراکیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر بەرژەوەندییەکی گشتی. لەجیاتی ئەوەی هەموو حزبەکان لەژێر یەک پلاتفۆرمی نەتەوەیدا کۆببنەوە، خەبات لە پێناو گەشەسەندنی دۆزی نەتەوە و دەستەبەرکردنی مافەکانی تاک بکەن، هێواش هێواش ئەم پرەنسیپانە کاڵ دەبنەوە. دووبەرەکی و کێشە بچووکەکانی حزبەکان ئەوەندە گەورە کراون هەموو خەڵکیان بە خۆیەوە خەریک کردووە و نەتەوەشیان بەبیر خەڵک بردیتەوە و دەزگا حوکمرانییەکانیشمان خستووتە ژێر گوشار و گەوجاندن.



ئەمانەی باسمان کرد لە رووی تیوریيەوەبوو، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە هەڵەکان ئەوەندە زۆرن هەژمار ناکرێن، ئەوەی لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لەکاتی ئاسووری بەهێز پرۆژە ستراتیجییەکانی ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی پشت گوێ دەخرێن، لەکاتی سەرهەڵدانی داعش و بڕینی بودجەی کوردستان لەبەر دەرگای سەرای سلێمانی کۆدەبنەوە و باری حکومەتی هەرێم ئەوەندە تر قورس دەکەن. لەکاتی ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، پرۆژەی عەجیب و غەریب پێشنیار دەکران، بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان حزبەکان نەمێنێت و مەودای نێوان حزبەکان بەقەد دووری عارد و ئاسمان لێک دوور بکەوێتەوە، تا کارگەیشتە رووداوەکەی ١٦ی ئۆکتوبەر. لە کاتی کورونا و ئابووریمان لاواز بوو و بەغدا لێمان بووە ئەهریمەن، پرۆژەی لامەرکەزی دێتە گۆڕێ. لەکاتی دواکەوتنی مووچە و لاوازبوونی باری دارایی، هەوڵ دەدرێت کیانی فیدراڵییەکەمان بچووک بکەنەوە و بماگەرێننەوە سەر بەغدا. هەندێک بەرپرس لەجیاتی خزمەت کردنی خەڵک کێشە لاوەکییەکان و بیرۆکە کۆنە نەزۆکەکانیان بەسەر خەڵک و حکومەتدا دەسەپێنن! بۆیە پێویستە ئەم هەرێمە ئالیەتێک بیدۆزێتەوە بۆ رزگار کردنی کوردستان لەم دۆخە نالەبارە، تا ئێستاش بیرۆکەکان لێل و ناروونن، ستراتیجیەت نییە و ئالیەت بزرە. ئامۆژگاری زۆر بۆ دامەزراندنی دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی و ستراتیجی لە خزمەت نەتەوەدا دەکرێت، هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان، دوور لە بنەمای حزبی، بەڵام تەنیا مەرەکەبە لەسەر کاغەز و کردار دیار نییە.

کورت و پوخت، ئەگەر ئەم حزبانە دەیانەوێت لە خزمەت نەتەوەدابن، پێویستە سکرتێر و ئەمیر و سەرۆک حزبەکان، راوێژکاری بێلایەن لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بۆئەوەی خەباتی حزب لە قەپێلکی حزبایەتی تەسک دەرچێت و لە خزمەت نەتەوەدابێت، پێویستە پلانی ستراتیجی لە خزمەتی پێشخستنی نەتەوەدا دابنرێت و ئەو حزبانەی لە هەڵبژاردنەکاندا پێگەی پێشەوە بەدەست دەهێنن پێویستە سەرۆکەکانیان بنە سەرۆکی پەرلەمان و حکومەت و پۆستە باڵاکان، هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان، بۆ ئەوەی هەر بریارێک لەلایەن دەزگا باڵاکانی حکوومەت دەربچێت بەئاسانی بچێتە واری جێبەجێ کردن.

هەروەها پێویستە حزبەکان خولی بەهێزکردن و فێر کردن و پەروەردەی نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و رێکخراوەیی و...تاد، بۆ کادیر و لایەنگرەکانی ئەنجام بدات، بۆئەوەی چەندین ئامانج لەیەک کاتدا بپێکێن، گرنگترینیان بۆئەوەی هەوڵ و کۆششی حزبەکان لە خزمەت نەتەوەدا بێت، ئەویتریشیان، تا تاک لەناو حزبدا هەست بە پێشکەوتن و پەروەردە و وەرگرتنی زانست و زانیاری بکات، نەک بەپێچەوانەوە، وەک ئێستا زۆربەی کادری حزبەکان چاویان لە پۆستی حکوومەت و بەرتیل و گەندەڵی و بەرژەوەندی تایبەت و حزبیيە و هیچیتر. کەواتە پێشکەوتووەکان، بۆ ئەوەی هەر بریارێک لەلایەن دەزگا باڵاکانی حکوومەت دەربچێت بەئاسانی بچێتە واری جێبەجێ کردن.



ئەرشیف، 2017.کەرنەڤاڵی پشتگیری شاری هەولێر بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

لەم وڵاتەدا پێویستە یەکەمجار حزبەکان خۆیان و پەروەردەکەن ئینجا پەروەردەی هاوڵاتیان دەست پێبکات، دەبێت متمانە لەنێو خۆیاندا بەهێز بکەن، ئینجا متمانە لە نێوان حزب و هاوڵاتیاندا دروست بکەن، دەبێت رێز لە بەڵێن و دەزگا حوکمرانیەکانمان بگیرێت، بۆئەوەی متمانە بگەڕێتەوە نێوان حکومەت و هاوڵاتیان، هەوڵ بدرێت هیچ کەلێنێک نەکەوێتە نێوان حزب و کەلتوور و بیروباوەری هاوڵاتیان. دەبێت حزب هاوڵاتیان بەرهەم بێنێت و بە هی خۆی دابنێت و هاوڵاتیش حزب بە هی خۆی دابنێت. هەروەک چۆن لە شۆرشی مەزنی ئەیلوول، بینیمان کادرەکانی پارتی لە هەموویین و تۆزێک بوون و بەتایبەت چینی رۆشنبیر و خوێندەوار و رۆشنفکر، کە هێزێکی لەبن نەهاتووی کاریگەر بوون، لە پەروەردەکردنی هاوڵاتیاندا، ئەم هێزە لە کڕۆکی کولتور و نەریت و بیرۆباوەری کۆمەڵگا هەلقوڵابوون، زۆربەی پێشمەرگە و ئەندامانی حزب، ئەوانەی یەک رۆژ قوتابخانەیان نەبینیبوو هەریەکەیان قەلەمێکی لە گیرفانابوو و لە هەوڵی خوێندەواری و خوێندکردندا بوون، لە خەبات و دەستکەوتەکانیشدا یەکسان بوون، سەرکردە پێشمەرگە بوو، بۆیە دەیانتوانی شورش بەنانێکی وشک بەرێوەببەن. بەڵام ئەمرۆ لە جیاتی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و کارکردن لەپێناو گەشەی فیکری و ریفراندۆمەکەی خۆمان و حوکمرانییەکی سەرکەوتوو، هەندێک لایەنی سیاسی؟! خەریکن هەرچی بەهاو دەستکەوت هەیە بکەن بە قوربانی خواست و مەرامی بەرتەسکی خۆیان و خەریکن دەوڵەتداریمان لەناوببەن و بمان گەڕێننەوە ژێر پۆستالی حەشدی شەعبی. بۆیە ئەمرۆ کارکردن و هەلوێست وەرگرتن لە کێشە چارەنووس سازەکان بە یەکگرتووی ئەرکێکی مێژووییە.

تێرا خو کادرێن هەین و پێتڤێ هندێ نینە کو کەسەکێ بکێشیتە بن بالێ، پارتی تێراخو خەلک هەیە، دلسوزێن رێبازا پارتی و زوربەیا خەلکێ پارتی گرێدایی رێبازا مالا بارزانن، چونکی نیەت پاکن و خزمەتکارێ مللەتێ خونە.

پارتی لسەر خزمەتکرنێ دێ بەردەوام بیتن لەورا رۆژ بو رۆژێ پێگەها وی یێ بلند دبیت ، دیسان هەمی خەلکێ کوردستانێ ل ناف و دەرڤەیی وەلاتی گەهشتینە وێ باوەرێ کو پارتی مساومێ لسەر مافێن رەوایێن کوردستانێ ناکەتن، لەورا خەلک گەهشتی یە وێ باوەرێ پارتی دێ برساتیێ لسەرخو قبول کەت لێ کەرامەتا مللەتێ کورد نافروشیت و خاکا پیروزا کوردستانێ بهوست بهوستە دێ پارێزیتن. ئەف چەندە ژی مەزنترین خالە، هەلبەت پارتی خاز و نەحەزێت پارتی ڤێ چەندێ دزانن، لەوما هێرشا مەزن لسەر پارتییە و پارتی فەخر شانازیێ بڤێ خالێ دبەت.

خوینەڤانێ هێژا...وە باوەری هەبیت پارتەک نینە ژ پارتی دلسوز تر بو خەلکێ کوردستانێ ب گشتی و بشەڤ و روژ لسەر خەتییە کا دێ چەوا ئاریشەکا دکەڤیتە رێیا گەلێ کورد چارەسەر بکەت. راستە پارتی هەمبەر هێرش و هەرەشێن نەحەزا خو بێدەنگ کرییە،لێ رامانا وێ ئەو چەند نینە ئەوا کو هندەک هەڤرکێن پارتی هزر دکە نکو پارتی یا لاوازە، ئەم هەمی دزانین کوپارتی یا بهێزە و دێ ب هێز مینیت، چونکی خەباتا سەدان سالان و درستکرنا قەهرەمان و نیشتیمان پەروەران لاوازبوونا پارتی دێ خەونەکا بن ئاخ کری بیتن، هەر دەمێ پارتی خو ب لڤینیت دێ هەزاران خەلکی ئینیتە سەر جاددە و شەقاما. دەریا خوینێ یا هەزاران قەهرەمانان کو خو گوری میللەت و ئاخا کوردستانێ کری پێگەهەک بهێز بو پارتی درستکریە و ب هەروە ناچیتن، خەلکێ پارتی یێ ئارامە و دزانن کو پارتی مافێ خەلکێ خو نە خاریە، بەلکو زور ژ خەلکێ خو ژ بێ حالیێ بریە باشترین ئاستێ ژیارێ.

هەلبەت پارتی هەمی هەولا دێ دەت ڤی بارودوخی تێپەرینیت و ژیارا خەلکێ هەژار یێ مایی لسنورێ خو بگهوریت و ژیارا وان خوشبکەت ، مەزناهیا پارتی یە مەزنترین هێرشێن نەرەوا و توهمەتا دێخنە سەر پارتی، لێ پارتی خوراگرە و دێ بەرەف پێشتر چیتن ، دل و سینگێ پارتی یێ فەکری و بەرفرەهە ژبو گلی و گازندێن خەلکێ خو، پارتی دێ هەر دەستکەفتان بو مللەتێ خو زامن کەتن لەورا پارتی دێ پێشتر کەڤیت و ل ئایندەیەک نێزیک سەحکەنێ کا پارتی دێ چەوا بهێزیا خو دیارکەت و ب بەلگە دێ باشتر خزمەتێ پێشکێشی خەلکێ کوردستانێ کەتن ، تشتێ هەمیێ سەیرتر هەمی پارت و لایەن دناف حکومەتێ دانە ب روژ و بریارا ددەن و بشەڤ دبنە ئوپوزسیون. عنتیکەیە راستی دڤێت خەلکێ کوردستانێ ژی ڤێ چەندێ بزانن ئەف هەمی کارێن نەرەوا تنێ توهمەتن ، وە هەمیان دیت هەمی پارتێن کوردستانێ داخازا چاکسازیێ دکر دەمێ پارتی دەست هاڤێتیێ و ب بوێرانە گوت بلا مەژی بگریتن هەمی ژێ رەڤین پارتی بتنێ هێلان و ل ئایندەیەک نێزیک دێ شەرمەزاریا بینن کا کێ گەندەلە کێ زورترین بندیوار هەنە باش بزانن هەمیان شەرە دگەل پارتی داکو پاریەک مەزنتر بدەست وان بکەڤیتن، کەسێ بو خەلکی نینە تنێ پارتی نەبیتن، پارتی بریارا چاکسازیێ یادای و ژێ پاشکەز نابیتن و راستی هەمی دێ دیارین، هنگی دێ خەلکێ کوردستانێ گەهنە باوەریێ.

چۆن دەست بکرێ بە چاکسازی؟!



مستەفا قایتەوەنی / لەندەن

بەپراکتیک کردنی هەنگاوەکانی چاکسازی لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی کەلەڕۆژی دەست بەکار بونیەوە چاکسازی کردە ئەولەویەتی کارنامەی حکومەت و یارونەیاری سیاسی لەکوردستان پێشوازیان لێکردو ئومێدی زۆریان لەسەر مەسرور بارزانی هەڵچنی ، دواتر پشتیوانی و پاڵپشتی جەماوەریشی بەدوادا هات. خەڵک و لایەنەسیاسیەکانیش لەوەدڵنیان کە مەسرور بارزانی چ وەک خۆی و پێگەسیاسیەکەی و دەست ڕۆیشتووی و پێگەی حزبەکەی ، دەتوانێ هەنگاوی گەورە بهاوێژێ بەرەو ئاڕاستەی ئامانجە ڕاستەقینەکەئەویش چاکسازیە

هەڵبەت چاکسازی پێویستی بە هێزێ و ئیرادەیەکی پۆڵاینی نیشتیمانی هەیە بۆ سەروەر کردنی یاسا لەزاخۆ بۆ دوا خاڵی قەڵەم ڕەوی هەرێم کەئەم کابینەیەحوکمڕانی دەکات؟. بۆئەنجامدانی چاکسازی پێویستە حکومەت چەند هەنگاوێک بنێ و کاری لەسەر بکات و زەمینە بۆ چاکسازی خۆش بکات بەم شێوەی خوارەوە:

١- بەدامەزراوەی کردنی سەرجەم دام و دەزگاکانی هەرێم و کارکردن بەسیستەمی ئەلیکترۆنی و وەڵام دانەوەی خێرای هاوڵاتی و وەڵام دانەوەی خێرای نێوان دام و دەزگافەرمیەکانی هەرێم لەهەر ئاستێ بێت.

٢- جیاکردنەوەی دەسەڵاتی هەرسێ دامەزراوەکەی هەرێم بەتەواوی بۆ سەربەخۆ بون و هەمەهەنگی و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان بەپێی ئەو سیستەمە حوکمڕانیەی هەیە لەکوردستان.

٣- دوور خستنەوەی دەستی حزبەکان لەهەموو دام ودەزگاکانی هەرێم ، دەکرێ بەدروست کردنی لینکێک لەناو حکومەت بۆ بەدواداچونی داوای حزبەکان و وەڵام دانەوەی داواکانیان لەچوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا.

٤- دانانی بەرنامەیەکی چڕوپڕی مۆدێرن و دەست پێکردن بەدروستکردنی هێزێکی نیشتیمانی هاوچەرخ دوور لەدەستی حزبەکان ، یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش ، پۆلیس ، دەزگاکانی پاراستن وزانیاری.

٥- شەفافیەت لەداهات و نەوت و سەرچاوەدارایەکانی هەرێم ڕاپۆرتی تایبەت هەبێ بەشێوەیەکی مانگانە ئەوەی کەپێویستەبڵاو بکرێتەوە ، بەمەرجێ کاریگەری لەسەرئاسایشی نەتەوەی نەبێ و نەیخاتە مەترسیەوە.

٦- دەسەڵاتی دادوەری دەست والاو سەربەخۆ تر بکرێ تا بتوانرێ بەهەمەهەنگی لەگەڵ دەستەی دەست پاکی هەرێم پێکەوەبتوانن لێکۆڵینەوەو لێ پرسینەوەیەکی دادپەروەرانەبکەن لەبەهەدەر چونی سامانی گشتی.

ئەگەر ئەو خاڵانەی باسمانکرد کاری لەسەر بکرێ وحکومەت دەستێکی پۆڵاینی هەبێ پاشانکۆتا هەنگاو کەپێویستە بنرێ ئەوکات دەتوانرێت(چاکسازی)لە تیۆرییەوە بکرێتە پراکتیک!.

بەبێ جێ بەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە زۆر قورسە حکومەت بتوانێت لە سێکتەرە چاکسازی بکات، چونکەهەموومان دەزانین هەندێ برینی شەڕی ناوخۆ هەیە هێشتا ساڕێژ نەبوە ومتمانەش لەنێوان لایەنەسیاسیەکان نەماو تاوەکو تازەمینەی چاکسازی ڕاستەقینە هەبێ!. چاکسازیش خواستی هەموو تاکێکێ کوردستانە ، بەڵام ئەشێ هەندێ کەس ولایەن هەست بکەن کەلە پرۆسەی چاکسازیدا گورز وەبەر بەرژەوەندی و پێگەو نفوسیان دەکەوێ!، بۆیە پێش گرتنە بەری هەر هەنگاوێک پێویستە بەر لەوە زەمینە سازی بۆ کرا بێت ، دواترحکومەتبەدە ستێکی پۆڵاین وبەئیرادەوە بێتە مەیدان ، ئەو ئیرادەیەش لە سەرۆک وەزیراندا هەیە و بەشێکی زۆری خەڵکیش متمانەیان بە خودی مەسرور بارزانی هەیە بتوانێ بەو ئیرادەیەی هەیەتی پێش چاکسازی زەمینە برەخسێنێ و دڵنیایی بە لایەنەکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتیش بدات کە بە پشتیوانی و متمانەی هەموان دەکرێ ئەو هەنگاوە بنرێت بۆ خستنە سەر سکەی هەرێمی کوردستان بەرەو شەفافیەت و حکومەتی هاوڵاتی و بە دامەزراوە کردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

د. جەوهەر فەتاح سعید، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ خەبات :

توانامان هەیە چ لە ماستەر چ لە دکتۆرا ڕێژەی کورسی زیاد بکەین

ئێمە لە ئەنجومەنی وەزارەت سێ بڕیارمان دا تا ئاسانکارییەک بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین ڕێژەی قوتابیان وەربگرین



لیژنەیەک لەوەزارەتی خوێندنی باڵا پێکهاتووە لە ئێستاوە دراسەی بارودۆخەکە دەکەن و پلانی ساڵی خوێندنی 2021_2020 دادەنێن کە چی بکرێت لە ئەگەری بەردەوامی ئەم دۆخە

چاوپێکەوتن : ڕۆشنا عەلی



چەند پرسێك لەبواری خوێندن لە زانکۆو خوێندنی باڵا بابەتی دیانەیەکی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن بوو لەگەڵ د. جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بەوەکالەت ، پرسگەلی وەك چارەنوسی قوتابیانی پێشکەشکار و کاندیدان بۆ خوێندنی باڵا ماستەرو دکتۆرا ، کارو بەرنامەی ناوبراو وەك سەرۆکی زانکۆ و ئەو گۆڕانکارییانەی بە نیازە لە خودی زانکۆ بیکات ؟ کاری لە پێشینەیان لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و کارکردن بۆ بەستنەوەی خوێندن بە بازاڕی کارەوە تاچەند ئەمانە لەبەرنامەی کارن و بۆچی تا ئێستا هەنگاو بۆ ئەنجامدانییان نەناوە ؟ بۆچی زانکۆ بۆتە شوێنێك تەنها بۆ کەڵەکە کردنی بڕوانامە ؟ پەیوەندییەکانی زانکۆ لەگەڵ زانکۆ جیهانییەکان کەلە کۆڕو کۆنفڕانسەکان دەبینین چی لێ سەوز بووە ؟ چەندین پرسی دیکە لە بواری خوێندن ئامانجی ئەم دیانەیەی لاپەڕەی پەروەردە بوو:

***خوازیارانی خوێندنی باڵا تاکەی چاوەڕێ بن ئەنجامی وەرگرتنیان یەکلا بکرێتەوە ئایا هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ ئەکرێت ؟**

سیاسەتی ئەمسااڵی خوێندنی باڵا ئەوەبوو کە بتوانین زۆرترین ڕێژەی قوتابیانی خۆمان لە خوێندنی باڵا وەربگرین لە جیاتی ئەوەی بچنە دەرەوەی وڵات و پارەیەکی زۆر سەرف بکەن و لە کەس و کاریان دوور بکەونەوە ، بۆیە ڕێژەی پێشکەشکارانی ماستەرو دکتۆراو دبلۆمی باڵا ئەمساڵ یەکجار زۆر بوو کە تەنها لە زانکۆی سەڵاحەدین نزیکەی ٣٦٠٠ خوازیار داواکاریان بۆ خوێندنی باڵا پێشکەش کردووە دوای ئەوەی تاقیکردنەوەی توانست ئەنجامدرا پەڕاوی هەموو زانکۆکان گەشتە وەزارەت لیستی یەکەمی کاندیدان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا دەرچوو دوای هەر لیستێك کە دەربچێت پێویستە لە لیژنەی گازاندە دروست بێت بۆ بەدواداچوون لەو حاڵەتانەی گازاندەیان لە ئەنجامەکان هەیە، لیژنەی گازاندەکە تا ئێستا بەردەوامە دوای تەواو بوونی کارەکانی ئەوان بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان وەزارەت لیستی یەکەمی وەرگیراوان ڕادەگەیەنێت دواتر ئێمە بۆ ئاسانکاری لە ئەنجومەنی وەزارەت سێ بڕیارمان دا کە ئاسانکارییەك بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین ڕێژەی قوتابیان وەربگرین یەکەمیان پڕکردنەوەی کورسییە واتە هەر کورسییەك بەتاڵ بێت بۆ ئەو قوتابیانەی دەرنەچوون بە پاراێزڵ یان لەسەر میلاکی وەزارەت و زانکۆکان وەربگیرێن، خاڵی دووەم ئەوانەی لە توانست سەرکەوتوو بوون ، بەڵام کورسی نەماوە وەزارەت فەرمانێك دەردەکات بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەرپەرشتیکردنی مامۆستایانی زانکۆ بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا واتە ئەگەر مامۆستایەك توانای سەرپەرشتیکردنی سێ قوتابی هەبێت ئەوا زیادی ئەکەین بۆ چوار تا پێنج قوتابی کە بەمەش دەتوانین کورسی زیاد بکەین ، چونکە کورسی زیاد کردن بەبێ بوونی سەرپەرشتیار ناکرێت کەواتە توانامان هەیە ڕێژەی کورسی زیاد بکەین چ لە ماستەر چ لە دکتۆرا ، بڕیاری سێیەم ئەگەر دووبارە ئەو کورسیانە بە قۆناغی یەکەم و دووەم پرنەکرایەوە بە هۆی زیادکردنی کورسییەکان کورسی دیکە مایەوە بە تایبەتی لەو پسپۆرییانەی زۆر کەمن دەتوانین ئەو قوتابیانەی کە دەرنەچوون نمرەکانیان نزیکە لە ١٠ لەسەر ٣٠نمرە لیژنەیەك لە کۆلێژەکان دادەنرێت چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دەکرێت ئەو نمرەیەی لەگەڵ نمرەی چاوپێکەوتنەکە کێبڕکێ ئەکەن بۆ پرکردنەوەی ئەو کورسییانە.

***ئەمانەی باستان کرد چەند کاتی دەوێ تا تەواو بێت بەم زوانە یەکلا دەبێتەوە؟**

ئەمڕۆ لیژنەی گازاندە کارەکانی خۆی تەواو دەکات وەزارەت چەند جارێك زانکۆکانی ئاگادار کردووە کە بەزوترین کات ئەنجامی لیژنەی گازاندەکان بنێرنە وەزارەت ئەگەر ئەنجامی گازاندەی هەموو زانکۆکان گەشتە وەزارەت ڕاستەوخۆ فەرمانی وەزاری دەردەکات بۆ وەرگرتنی لیستی یەکەمی قوتابیانی خوێندنی باڵا ئەو لیستەی دەرچوو لەگەڵ پلانی وەرگرتنی هەر زانکۆیەك بەراورد دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سێ بڕیارەی کە وەزارەت دەریکردووە.

*** خوازیارێکی زۆر تا ئێستا چاوەڕێیە دووبارە دەرگای پێشکەشکردن بکرێتەوە تایا ئەو دەرفەتە دەبێت بۆیان ؟**

بە بۆچوونی من بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا ناتوانرێت هیچ کارێك لەو بوارەدا بکرێت، چونکە ئێمە بە نیازبووین لە مانگی شەش قۆناغی دووەمی پێشکەشکردن دەست پێبکەین ، بەڵام بە هۆی ئەم دۆخەوە توانا نییە جگە لەو ژمارەیە چونکە ئەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆرە کە هێشتا دەستیان پێنەکردووە .

***چ دڵنیاییەك بە خوازیاران دەدەن کە بە هەقی خۆیان بە کورسی خۆیان دەگەن دوورلە دەستێوەردان؟**

من هەموویان دڵنیا دەکەمەوە ئەوەندەی لە نزیکەوە ئاگادارم هیچ قوتابییەك بە پۆینتێك زەرەرمەند نابێت ، بۆ نموونە من دوو منداڵی خۆم پێشکەشییان کردبوو یەکێکیان لە کۆلێژی زانست ئەوی تریان لە کۆلێژی ئەندازیاری یەکێکیان لە توانستیش دەرچووە وەرنەگیراوە .

***چەند ساڵێکە باسی کەمپی زانکۆ ئەکرێت لەو کاتەوە دەیان زانکۆو قوتابخانەی ناحکومی و کۆمەڵگای پەروەردەیی دروستکران ، بەڵام کەمپی زانکۆ تا ئێستا چارەنوسی نادیارە بەڕوونی کێشەی ئەم کەمپە چییە؟**

بە پێی ئەو زانیارییانەی من هەمە دیزاین کراوە و قبوڵکراوە کێشەکە لەسەر جێبەجێکردنی دیزاینەکەیە تێچوویەکی زۆری ئەوێ کەلە ملیارێك زیاترە تا ئێستا نەتوانراوە ئەو کولفە زۆرە دابین بکەن بیرۆکە هەبووە کە ئەو مواڵکانەی زانکۆ وەك کۆلێژەکان لە سەر زانکۆی سەڵاحەدین تاپۆ بکرێت و زانکۆ بتوانێت بیان قرۆشێت و داهاتەکەی بۆ دروستکردنی کەمپەکە بەکار بهێنێت ، بەڵام ئەوەش تا ئێستا نەکراوە و پرۆژەکەش وەك خۆی ماوە ئێمەش هیوادارین ئەو کەمپە بکرێت ،چونکە تەنها زانکۆی سەڵاحەدین کەمپی نییە.

***تاچەند پێتان وایە گۆڕانکاری لە پۆستەکان تەنها بە واتای گۆڕانکاری نییە لە کەسەکان بەڵکو واتایەکی تری هەیە کە ئەویش گۆڕانکارییە لە بەرنامەو شێوازی کارکردن و پلانی کارکردن ؟**

هەردەم گۆڕانکاری کارێکی زۆر باشە ،چونکە کەسێك کە دە گۆڕێت بەو مانایە نییە کە کارێکی خراپی کردووە ، بەڵکو پێویستە بوار بدرێت بە کەسانی تریش بێن کەلەوانەیە بیرۆکەی باشتریان هەبێت ئەو بیرۆکەیە ببێتە سوود بۆ ئەو شوێنە ؟

***کەواتە ئێستا بیرۆکەو بەرنامەی ئێوە چییە بۆ زانکۆ بە چ ئاڕاستەیەك دەتانەوێ جیاواز لە سەرۆکی پێشووی زانکۆ کاربکەن؟**

ئێمە هەموو چالاکییەکانمان و هەموو تواناکانمان لە زانکۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆو ئاستی زانستی قوتابیانە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەچەند چالاکییەك دەبێت توێژینەوەی مامۆستایان و قوتابیان سەنتەری توێژینەوەکان بە پێش بخەین هانیان بدەین ، بەشداری و پەیوەندی هەبێت لە نێوان زانکۆکانی عێراق و ناو هەرێمی کوردستان و دەرەوە و زانکۆکانی جیهان تا ئێمە سوودیان لێوەربگرین پلە بەندی زانکۆ هەیە کە ئەم پلە بەندییانە زانکۆ هان دەدات بۆ ئەوەی هەوڵ بدات پلەیەکی باش بەدەست بهێنێت کە ئەویش بەو چالاکییانە دەبێت کە زانکۆ دەیکات.

***تاکەی زانکۆی سەڵاحەدین بیر لە جۆرێکی تری خوێندن ناکاتەوە کە هاو گونجاو بێت لەگەڵ بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان کە خوێندن چیتر بڕوانامە کەڵەکە کردن نەبێت بە واتایەکی تر قوتابی دوای خوێندنە بازاڕ سوودی لێوەربگرێت؟**

ئەوە یەکێکە لەبەرنامەکانی داهاتوومان کە دەبێتە یەکێك لە هەنگاوەکانی سیستەمی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەڵاحەدین ، بتوانین ئەو پسپۆڕییانە پەرە پێبدەین کە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بەبازاڕو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بزنس هەیە ، بۆ نموونە ئەو بەشانە دەکەینەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بازاڕ هەیە ئەو بەشانە زیاتر قوتابی خوێندنی باڵای لێوەردەگرین کە پەیوەندی هەبێت بە بازاڕ وەزیاتر گرنگی بەو بەشانەش دەدەین کەلەو بوارەدا پێویستن بۆ نموونە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتییان هەیە کە دەردەچن دەبنە مامۆستای بنەڕەتی ئەو کۆلێژە دەرچووەکانیان ڕاهێنان دەکەن لە باخچەو قوتابخانە بنەڕەتییەکان مامۆستاکانیان ساڵانە دەچنە دەرەوەی وڵات خول دەبینن تاوەکو سوود لە زانستی وڵاتانی دەرەوە وەربگرن بۆ ئەوەی کاتێك دەردەچن ڕێنمایی پەروەردەیی پێویستیان هەبێت چ ئەوانەی دەبنە مامۆستای باخچە یان بنەڕەتی یان ئەوانەی پەروەردەی تایبەتن تا ڕێنمایی پێویست بخوێنن لە بواری خۆیان.

***تاچەند زانکۆی سەڵاحەدین سوودی لە و لێکگەشتنانە وەرگرتووە کەلەنێوان زانکۆکەو زانکۆکانی جیهان ئیمزا دەکرێت ؟**

دەتوانم بڵێم هیچ زانکۆیەك وەك زانکۆی سەڵاحەدین سوودی لێوەرنەگرتووە لەبەر ئەوەی ئێمە پەیوەندییان یەکجا زۆرە لەگەڵ زۆربەی زانکۆکان چ لە ئاستی ناو هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرووبەرمان وەك ئێران و تورکیا وڵاتە عەرەبییەکان و زانکۆکانی قوبرس و وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە پەیوەندی بەهێزمان هەیە سودمان زۆر بینیوە ساڵانە چەندەها قوتابی و مامۆستامان دەڕۆن چ بۆ بینینی خول وئەنجامدانی توێژینەوە وقوتابی خوێندنی باڵای وڵاتان دینە ئێرەو هاوکارییان دەکەین.

***باسی دەچوون یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی ئەمڕۆ پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی مامۆستایانی زانکۆ تا ئێستا ناتوانن ئەم باس کڕین و ڕاپۆرت کڕینە بنەبڕ بکەن و قوتابی چیتر پەنا بۆ کڕینی باسی دەرچوونی ئامادەکراو نەبات یان زانکۆ ئاگاداری ئەو کێشەیە نییە ؟**

من بۆچوونێکی جیاوازترم هەیە لەو بابەتە زانکۆی سەڵاحەدین ٨٥ بەشی هەیە هەربەشەی چوار قۆناغە لەهەر قۆناغێکیش چەند پسپۆڕی و وانە هەیە نزیکەی ٣٠٠٠ پسپۆڕی جیاواز هەیە زۆر زەحمەتە هیچ توانایەك هەبێت لە بازاڕ ٣٠٠٠ ڕاپۆرت و باسی دەرچوونی جیاواز ئامادە بکات و قوتابی بیکڕێت ئەو زەحمەتە بۆیە من بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم قوتابی سوود لە دەرەوە وەربگرێت بەڵام ١٠٠٪ نییە، دواتر مامۆستا ڕۆڵی هەیە و باش هەست پێدەکات ئەگەر لە دەرەوە هێنابێتی ئەگەر لە هۆڵێك ٣٠ قوتابی هەبێت ئەوا مامۆستا ٣٠ ناونیشانی جیاواز دەداتە قوتابییەکان هەندێ جار دەیکاتە پرسیار نایکاتە ناونیشان وەپەیوەندیداریشە بەوەی کە خوێندوویەتی دواتر هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکەش بەفۆرمی تایبەتە و هەموو لایەنەکان لە خۆ دەگرێت هەم لە لایەنی زانستییەکەو هەم لە لایەنی هونەری ئەوانە هەموو زۆر زەحمەتە لە بازاڕ بکرێت.

***ئەگەر بزانرێت قوتابییەك ئەم کارەی کردووە چی لەبەرامبەر دەکرێت و ئایا مامۆستاکانیش هۆکار نین بۆ ئەم بابەتە؟**

بزانرێ خۆی و ئەو کەسەی ئەوەی کردووە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێنمایی یاسایی لەسەر جێبەجێ دەکرێت ، ئێمە متمانەی تەواومان بە مامۆستایانی خۆمان هەیە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە مامۆستای زانکۆ لەوە گەورەترە کە خیانەت لەگەڵ قوتابی خۆی بکات.

ئەگەر بارودۆخی کۆرۆنا هەر بەم شێوەیە بێت چ پێشنیازێك هەیە بۆ دەسپێکی نوێی ساڵی خوێندن ؟

لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا لیژنەیەك پێکهاتووە ئەو لیژنەیە لەو ڕۆژانە دەست بەکار دەبێت بۆ ئەوە ی دراسەی پلانی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٠ بکات لە ئێستاوە ئەو لیژنەیە کاردەکەن و بۆ دانانی پلان لەئەگەری بەردەوامی ئەم بارودۆخە بڕیار دەدەن .



د. جەوهەر فەتاح سعید، ڕۆشنا عەلی.

ئێمە وەک زانکۆی سەڵاحەدین پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ زانکۆکان هەیە چ لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپاش بەتایبەتی

زۆر زەحمەتە هیچ توانایەک هەبێت لە بازاڕ 3000 ڕاپۆرت و باسی دەرچوونی جیاواز ئامادە بکات و قوتابی بیکڕێت




تەنها لە زانکۆی سەڵاحەدین نزیکەی 3600 خوازیار داواکارییان بۆ خوێندنی باڵا پێشکەش کردووە

ئەرشیف، 2019.10.10. ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین.



کورد، دوای کتێبەکەی جۆن بۆڵتن



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

بااڵیۆز جۆن ڕۆبەرت بۆڵتن ، پارێزەر و کەسایەتی دیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری سیاسی ئەم وڵاتەدا بە تایبەتی دوای دوو هەزارەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە وێناکردنی سیاسەتی وڵاتەکەی لە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بەتایبەتی ، پاڵپشتێکی سەرسەخت بووە بۆ هێرشکردنە سەر ڕژێمی عێراق ، هەروەها زۆر هەوڵی داوە ئیدارەی وڵاتەکەی قەناعەت پێ بێنێت کە هێرش بکرێتە سەر سوریا و لیبیا . لە ناوەڕاستی بەهاری 2018گەورەترین بەرپرسیارێتی لە وایت هاوس وەرگرت لە سەردەمی سەرۆک دۆناڵد ترامپدا ئەویش وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشان کرا ، لە ماوەی دەستبەکاربوونی ناوبراو لە ئەرکەکەیدا زۆر ڕووداوی گەورە وخێرا ڕوویاندا ، هەندێکیان تایبەت بوون بە جیهان و هەندێکیشیان سەرچاوەکەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بوو لە نێوانیاندا پرسی کورد .. جۆن بۆڵتن هەمیشە بە کەسایەتیەکی ڕاشکاو و واقیعبین ناسراوە ، زۆریش بەوە ناسراوە کە هەمیشە ئارەزووی هەبووە کە ڕژێمە ڕادیکاڵی و دیکتاتۆرەکان بە زەبری هێز لە دەسەاڵت لاببرێن و دوژمنێکی سەرسەختی سیاسەتەکانی ئێران و سوریا و ڤەنزویال و زۆر وڵاتی دیکەیە . ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئۆتۆمی لەگەڵ وڵاتان و ئێراندا ، ئەوەی ویستی بۆی هاتە جێ .. دوای وازهێنانی لە پلەی بەرپرسیارێتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا بۆ ماوەیەک بێدەنگی هەڵبژارد ، بەاڵم ئەمجارەیان وەک نووسەری کتێبێک بە ناوی لە ژوور یان لە هۆڵی ڕووداوەکاندا دەرکەوت ، باس لە ژیانی ئەو ماوەیە دەکات کە لە وایت هاوس وەک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش کاری کردووە ، کتێبەکەی بۆڵتن بەر لەوەی بە چاپ بگەینرێت دزەی پێکرا ، لێردەدا دووچاری چەندین ڕەخنە بۆوە بە تایبەت لەلایەن خودی سەرۆک ترامپ تا کار گەیشتە ئەوەی سکاڵای یاسایی تۆمار بکات ،بەاڵم لێی سەرکەوتوو نەبوو ، دادگا بڕیاری بۆ بەرژەوەندی کتێبە سەرسوڕهێنەر و میژوویبەکەی بااڵیۆز بۆڵتن دەرکرد .. لەم کتێبەدا بە ڕاشکاوی باس لە کورد کراوە ، چونکە خاوەن کتێبەکە نەیتوانیوە لەم چاپکراوەدا باس لە کورد نەکات بەهۆکاری ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی گرنگی هەموو ئەو ململانێیانەیە بەتایبەت دوای 2003و نەمانی ڕژێمی سەدام ،هەروەها 2014لە کاتی شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش ، ئەگەر بە دیقەتەوە سەیری هەندێک بڕچوونی بکەین دەبینین زۆر ڕاشکاو بووە لە دەربڕینی نووسینەکانی بەرانبەر بە کورد ،هەروەها دەبینرێت کە هەوڵی داوە هەر چۆنێک بێت ئیدارەکەی ڕازی بکات کە کورد بکاتە هاوپەیمانێکی نزیکی هەمیشەیی بۆ ئەمریکا ،لەوڵاشەوە توانیویەتی زۆرێک لە بەرپرسان قەناعەت پێ بێنێت کە نابێ و ناکرێت پشت لە کورد بکرێت ، بەاڵم ئەوەشی نە شاردۆتەوە کە بوونی ڕق و کینەی هەندێک بەرپرسانی ئەمریکایی بۆ کورد بوونی هەیە و زۆر ناوی لەم بارەیەوە ئاماژە پێکردووە . دوای ئەم کتێبەی سەرۆکی پێشووی گەورەترین دەزگای ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە کورد بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێباز و پەیڕەوی خۆی دابچێتەوە ،چونکە دەبێت ئەوە بزانێت کە هەمیشە و بە بەردەوام لە پشت پەردەکان ناوی کورد چ بە چاکە یان بە خراپە دێت ! ، نەخاسمە لەلایەن پیاوە زلهێزەکانی جیهان وەک سەرۆکی ئەمریکا یان وەک نێردراوەکان کە ڕۆڵی کۆمیساری باڵا **High Commissioner**؟

لە پێناوی مانەوەی بوونی خۆی دەکات ، لە هیچ سەردەمانێکدا بەرپرسێکی ئەمریکی ئەوەی بە ڕاشکاوی ئاشکرا نەکردووە بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە سەرۆکێکی ئەمریکا بااڵدەست من ڕەقم لە کوردە ، بۆ مێژوو زۆربەی سەرۆکەکانی ئەمریکا ئەگەرچی بەرژەوەندییەکان نەیانهێشتووە زیاتر هەنگاو بهاوێژن ،بەاڵم ڕێزیان بۆ کورد هەبووە بۆ نموونە جیمی کارتەر ، ڕۆنااڵد ڕیگن و هەردوو بووشی باوک و کوڕ ، کلینتۆن ، ئۆباما لە زۆر بۆنەکاندا ستایشی کوردیان کردووە ،هەروەها لە زۆر حاڵەتدا بە کردەوە پشتی کوردیان گرتووە.. ئەوەی لە کتێبەکەی ئەمجارەی بەرپرسێکی گەورەی ئەمریکا بااڵوکراوەتەوە پێویستی بە پێداچوونەوەی جدی لە سیاسەتی کورد دا هەیە بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا ،چونکە دەبینرێت لە سەردەمی زێڕینی مافی گەالن وێڕای تەکنۆلۆژیا لە سەدەی بیست و یەکدا لە پشت پەردەکان بە ڕق و کینە نێوی کورد دێت.

سەردەمی سەرەتای سەدەی بیستەم دەبینێ لە کاتی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسی ،بەمەش کورد دەبێت بزانێت کە هەمیشە ناوی لە نێو ناوانە .. کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا (واتا مێژووی هاوچەرخ)خەبات لە پێناوی بوون و مانەوەی خۆی دەکات ، ڕاستە هەوراز و نشێو لە چۆنێتی دەستکەوت و شکستەکان هەبووە ، بەاڵم ئەوە ناگەێنێت بەردەوام بێت لە خەباتکردن ، لەملاشەوە لەلایەن هێزە گەورەکان هەمیشە تەڵەی بۆ دابنرێت ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەموو مێژووەکان دەبینرێت لە زۆر وڵاتدا بە تایبەت لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا هەتاوەکو ئەمریکای التین دەستوەردان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە یەکالکردنەوەی پرس و کێشەکان نموونەش بۆ ئەمانە زۆرن بۆ باسکردن ، ئەوەی تایبەت بێت بە کورد کتێبەکەی پۆڵتن بابەتی زۆر نوێی بۆ کورد تێدایە ، بە تایبەت ئەو کاتانەی ڕاشکاوانە باس لەوە دەکا کە سەرۆکی ئێستای ئەمریکا و جیمس جێفری بەوە تاوانبار دەکات کە ڕقیان لە کوردە ، ئەمەش پێشینەیەکی نوێیە. لە هەڵوێستی بەرپرسانی فەرمی وڵاتان بۆ گەلێک کە خەبات



سالی 1882:
حکومەتی بەریتانیا بە فەرمی بڕیاری داگیرکردنی میسری دا.



سالی 1919:
پەیاننامەی ڤێرسای مۆر کرا و بە فەرمی کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهان هێنرا.



سالی 1950:
سیەنۆڵی پایتەختی کۆریای باشوور کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی کۆریای باکور.

سالی 1960:
کوبا کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکای لە خاکی خۆی خۆماڵی کرد.



سالی 2016:
لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک لە تورکیا هێرشێکی چەکداری ڕوویدا و لە ئەنجامدا 41کەس کوژران و 147کەسی دی بریندار بوون .

مانشێت



سالی 1882:
حکومەتی بەریتانیا بە فەرمی بڕیاری داگیرکردنی میسری دا.



سالی 1919:
پەیاننامەی ڤێرسای مۆر کرا و بە فەرمی کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهان هێنرا.

سالی 1950:
سیەنۆڵی پایتەختی کۆریای باشوور کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی کۆریای باکور.

سالی 1960:
کوبا کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکای لە خاکی خۆی خۆماڵی کرد.

سالی 2016:
لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک لە تورکیا هێرشێکی چەکداری ڕوویدا و لە ئەنجامدا 41کەس کوژران و 147کەسی دی بریندار بوون .

بە ژمارە...



جیهان..

چاکبوونەوە لە کۆرۆنا چوار ملیۆن و 500 هەزار کەسی تێپەڕاند
ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرانسەری جیهاندا دوای تووشبوونیان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19) چاکبوونەتەوە، چوار ملیۆن و 500هەزار کەسی تێپەڕاند.بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ماڵپەڕی "Worldometer"دا بااڵوکراوەتەوە کە بە پشت بە ئامارە نوێیەکانی تووشبوون بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، چوار ملیۆن و 501 هەزار و 293کەس توانیویانە بەسەر نەخۆشیەکەدا سەرکەون.ڕیزبەندی 10 وڵاتی یەکەم کە زۆرترین حاڵەتی چاکبوونەوەیان تیایاندا تۆمارکراوە؛ "ئەمریکا (924هەزار و 930)؟ بەڕازیل (503 هەزار و 507) ?ڕووسیا (313 هەزار و 963)؟ هیندستان (205هەزار و 182)؟چیللی (186هەزار و 441)؟ ئیتاڵیا (180هەزار و 544)؟ئەڵمانیا (174هەزار)؟ ئێران (156هەزار و 991)؟ تورکیا (156هەزار و 22) و پێرو (131هەزار و 190). ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە چین سەری هەڵدا، لە ماوەیەکی کورتدا بە زیاتر لە 200وڵات و هەرێمدا بااڵبووەتەوە و بووە پەتایەکی جیهانگیر.لە کاتێکدا لە سەرتاسەری جیهان ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە گەیشتووەتە هەشت ملیۆن و 551هەزار و 856 حاڵەت، کۆی گشتیی ئەوانەی بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەتەوە بۆ 455هەزار و 175کەس.

کاریکاتێر



www.xebat.net
یەک شەمە 2020/6/28 ژمارە (5962)
خەبات




فیزیاناسانی زانکۆی هارڤەرد دەڵێن:
گەردوون بەهۆی تەقینەوەیەکی مەزن بە تەواوی لەناودەچێت!

تازەترین لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە (زانکۆی هارڤەرد) دەریخستووە کەوا گەردوون بەهەمان شێوەی لەدایکبوونی یەکەمی کە بە تەقینەوەیەکی مەزن بووە، هەر ئاواش لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییەکەی بە تەقینەوەیەکی دیکەی مەزنتر بە تەواوی لەناودەچێت!
ئەوە لە کاتێکدایە کەوا مقۆمقۆ زۆریشە لەسەر ئەگەرەکانی لەناوچوونی ژین و ژیان لەسەر هەسارەی زەوی لەنێوان روودانی جەنگێکی ناووکی کاوڵکار، یان بەرکەوتنێکی نەیزەکی گەورە یاخود نقومبوون بۆنێو تاریکایی دوای لەناوچوونی خۆر.
بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی زانکۆی ناوداری (هارڤارد)، فیزیاناسانی رووندیان کردۆتەوە کەوا کێشەکە بەستراوەتەوە بە شڵەژانی (تەنۆچکەی یەکەم) کە بەرپرسە لە پێدانی بارستایی بۆ مادەو لە رووی زانستی فیزیاییەوەش ناسراو بە (بۆزۆن هیگز) بەپرای فیزیاناسانی ئەم زانکۆیە، کەس لە ئێمە ئەو کۆتاییە نابینێ، چونکە ژ بێگومان بەپێی راو بۆچوونی فیزیاناسانی هارڤەرد ژ رەنگە ئەم کۆتایی پێهاتنەی گەردوون داوی سنووری 11تریلیۆن ساڵی دیکەدا رووبدات و کاتێک قۆناغی (شڵەژانی جێگیریی) دەستپێدەکات، ئەوا بوون و گەردوون لەنێو بڵقێکی مەزنی وزەدا دەتەقێتەوەو هەر هەموو شتێک لەنێو ئەو گەردوونەدا هەبێت تەفرو تونای دەکات، تەنانەت ئەوانەی ئەوکاتە لەنێو نشینگەکانی سەر هەسارەیەکی وەکو (مەریخ) یش دەژین، لەناودەچن، وە لە هەمان کاتدا، پسپۆڕان هیچ ترسی خۆیان ناشارنەوە لەوەی کەوا ئەگەری ئەوەش هەیە کەوا ئەو کرداره دەستیشی پێکردبێت و پێش ئەوەی بگەینە ئەو (رۆژەی کۆتایی) دا، خۆریش بە تەواوی لەناودەچێت و لەنێو گەردوونیشدا، چەندەها دیاردەی مەزنی کارەسات ئاسا روودەدەن.



دۆزینەوەی ڕێژەیەکی زۆری توخمی (بۆرۆن) لەنێو بەردەکانی (مەریخ) دا

لەنێو یەکێ لە شێوە دەمارە کانزاییەکانی نێو گاشەبەردی ناسراو بە (کاتابۆلا) ی نێو ناوچەی (چاڵی گیڵێر) ی مەریخی کە گالیسکەی گەڕۆکی (کریۆسیتی) ئێستا تێدا کاردەکات، بڕێکی زۆری توخمی (بۆرۆن) ی تیادا دۆزرایەوە.
لە شیکردنەوەی زانستییدا دەرکەوت کەوا کارتێکردنی ماوە دوورو درێژی کەشکاری بەهۆی کاریگەرییەکانی ئاوو هەوای ناوچەکەو بە تێپەڕبوونی سەدان ملیۆن ساڵ، وردە وردە پێکهاتەی بەردەکە وەکو نەوانی دیکەش، دووچاری ڕووچوون و تاشین بۆتەوە، بەڵام دەمارە کانزاییەکان زیاتر بەرگەی کاریگەرییەکانی ئاوو هەوای سەختی مەریخیان گرتووەو لە کۆتاییدا بەشێوەی دەماری بەرزبووەوە لەنێو بەردەکەدا دەرکەوتوونە.
پسپۆڕان لە ڕێگەی بەکارهێنانی (کامێرای کیمیایی) شیکردنەوەی کیمیاییان بۆ خودی پێکهاتەی سەرەکیی ئەو دەمارانە کردو بۆیان دەرکەوت کەوا (کالسیۆم) پێکهاتەی سەرەکیی ئەو دەمارانەیە.
هەروەها لە دەرئەنجامێکی نوێدا، هەمان کامێراو ئەمجارەیان لەمیانەی شیکردنەوەی گاشە بەردێکی دیکە کە ناونراوە (دیۆگا) کە دەکەوێتە نێو ناوچەی ناسراو بە (پانتایی مۆرای)، هەرسێ توخمی (سۆدیۆم و کلۆر و بۆرۆن) ی بەڕێژەیەکی زۆر بەرچاو تیایدا دۆزرایەوە.



(HD 30963) قورستڕین ئەستێرەی بێ ڕکابەری نێو گەلەستێرەمانە

لێکۆڵینەوەیەکی نوێی شیکردنەوەی شەبەنگی ڕووناکیی دەربارەی یەکێ لە ئەستێرە نائاساییەکانی نێو گەلەستێرەمان کە ناسراوە بە (HD 30963) دەریخست کەوا خاوەنی تێکەڵەیەکی نائاسایی و ناوازەی توخمی کیمایی قورس و کەمێنەیە لەنێو پێکهاتەکەیدا، وەک (قوڕقوشم -Hg) و (مەنگەنیز -Mn) و ?وە پێشتر پسپۆڕان هەرگیز نایندەزانی کەوا ئەم ئەستێرەیە زۆر قورسترو دەوڵەمەندترە بە پێکهاتەو توخمی کیمایی هەرە ناوداروگرانبەهادا. لەتەک ئەو دوو توخمەی سەرووداو، پسپۆڕان بۆیان دەرکەوت کەوا ئەو ئەستێرەیە زۆر دەوڵەمەندە بە توخم ناوداروکەموێنەکانی وەک (پلاتین -Pt)و (ئیتریۆم -Y) و (زەرکۆنیۆم -Zr)کە بەڕێژەی 50جار ئەوەندەی زیاتری خۆری ئێمەی تیادایە، ئەوە لە کاتێکدا کەوا بارستایی توخمی (قورقوشم) لەنێویدا دەگاتە 150000جار ئەوەندەی خۆری ئێمە، هەر بۆیە، ئەو ئەستێرەیە خاوەن کایەیەکی موگناتیسی یەگجار زۆر بەهێزەو دەکرێ وەک تاقیگەیەکی موگناتیسی لێی بڕوانرێ تا بگرێتە بنچینەیەک و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەروارد کردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر کایەی موگناتیسی ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمان بەجیاوازیی بارستایی و قەبارەو سروشتی پێکهاتیی کیمیایی مادەکانیان. لە ڕووی توخمە هەرە ناوداروکەموێنەکانی وەک (پلاتین -Pt)و (ئیتریۆم -Y) و (زەرکۆنیۆم -Zr)کە بەڕێژەی 50جار ئەوەندەی زیاتری خۆری ئێمەی تیادایە، ئەوە لە کاتێکدا کەوا بارستایی توخمی (قورقوشم) لەنێویدا دەگاتە 150000جار ئەوەندەی خۆری ئێمە، هەر بۆیە، ئەو ئەستێرەیە خاوەن کایەیەکی موگناتیسی یەگجار زۆر بەهێزەو دەکرێ وەک تاقیگەیەکی موگناتیسی لێی بڕوانرێ تا بگرێتە بنچینەیەک و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەروارد کردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر کایەی موگناتیسی ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمان بەجیاوازیی بارستایی و قەبارەو سروشتی پێکهاتیی کیمیایی مادەکانیان. لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی دیکەیدا، پسپۆڕانی فەلەکناسی دەڵێن کەوا تیرەی ئەستێرەی ناوازەی (HD 30963)؟ لەنێوان 1.5تا 2جار ئەوەندەی تیرەی خۆری ئێمە دەبێت و بارستاییەکەی 2.90جار ئەوەندەی بارستایی خۆری خۆمان دەبێت و پلەی گەرمیی ڕووەکەی دەگاتە 11200پلەی سەدی و نزیکەی 84جار لە خۆری خۆمان گەشترەو بەخێرایی نزیکەی 24 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا بەدەوری خۆیدا دەخوولێتەوەو لەماوەی هەر 4.12 ڕۆژی (24 کاتژمێریدا)، خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات و ماوەی نێوانمان نزیکەی 930ساڵی ڕووناکی دەبێت و ڕەنگیشی شینێکی زۆر کاڵە.

نهێنییەکی دیکەی نێو قوواڵایی گەردوون ئاشکرا کرا

بەم دوایەو دوای چاوەڕوانییەکی دوورودرێژ، تیمێک لە پسپۆڕانی فەلەکناسی توانیان پەردە لابەبن لەسەر نهێنی ئەو تروسکاییە ڕووناکییەی ژ ئاگرینییانەی کەماوەیەکی دوورودرێژبوو سەری لە زانایان سوڕماندبوو، ئەویش بە یارمەتی (تلسکۆپی ئاسمانیی کیپلەر) ی تایبەت بە ئاژانسی بۆشاییگەریی ئەمریکی (ناسا)
لەساڵی 2012تیمێک توانی لەو داتایانە بکۆڵێتەوە کە لەلایەن تلسکۆپی (کیپلەر) ەوە ڕەوانە کرابوو و تایبەت بوو بە دەرکەوتنی تریسکاییە ڕووناکییەکی بەهێزو خێرا لە گەلەستێرەیەک کە بە مەودای 1.3ملیار ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە، ئەوکاتە پسپۆڕان نەیانتوانی بگەنە هیچ شیکردنەوەیەک بۆ ئەو دیاردەیە، ئاخۆ بریتی بوو لە تەقینەوەیەکی ئەستێرەیی مەزن لە جۆری (سوپەرنۆڤا) یاخود هەڵەیەکی تەکنیکی کۆمپیوتەرەکانیان بووە؟
ئەو جۆرە ڕووناکییە بە (فلاشی گەشبووەوەی خێرا پەرەسەندوو – FELTs) ناونرا و دەرکەوت کەوا لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا بەرزو نزم دەبێتەوە، کە ئەمەش ببووە هۆکاری ئەوەی لە زۆربەی زۆری ڕوانگەو تلسکۆپە ئاسمانییەکاندا نەکەوێتە بەرچاو.
"تلسکۆپی کیپلەر ئێستا توانی دەرگا والابکات لەسەر بینینێکی زۆر جیاوازو وردو پێشکەوتوو بۆ ڕوانگەکردنی ئەو جۆرە دیاردانە، ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە (کیپلەر) بۆ دۆزینەوەی هەسارە هەرە دوورەکانی دەرەوەی سیستەمی خۆر دیزاین کراوە"، لە زاری (جێیسی دۆستۆن) پسپۆڕی پڕۆژەی تلسکۆپی کیپلەر.
داتا وەرگیراوەکان لە تلسکۆپی کیپلەر دەریخست کەوا ئەو دەرچە ڕووناکییە لە پڕۆ زۆر بەهێزەی کە لەو گەلەستێرەیەدا دەرچووبوو، سەرچاوەکەی لە ئەستێرەکە بووە کە لە قەراغی مەرگیدابووەو پێدەچێت ساڵێک پێش مردنی کۆتایی، جۆرە (بلق) یکی گازیی و تۆزو خۆڵیی وەک دوا چالاکییەکی پێش تەقینەوە کۆتاییکەیدا فڕێ داوەتە بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری خۆی و لەسەر شێوەی دەرچەیەکی ڕووناکیی ماوە کورت، بەڵام یەگجار زۆر بەهێزی لێ کەوتۆتەوە، بە جۆرێک کە ئەو دەرچانە لە دواییدا بەدوای یەکدا هاتن و توانای ڕووناکییەکەی 10جار ئەوەندەی توانستی ڕووناکی خودی تەقینەوەی مەزنی ئەستێرەیی (سوپەرنۆڤا) ببوون، ئەمەش بووە جۆرە شکڵ و شێوەو مۆدێلێکی نوێ و نەناسراوی تەقینەوەی ئەستێرەیی.
پسپۆڕانی فەلەکناسی بەو هیوایەن کەوا لە ڕێگەی تلسکۆپی داهاتووی (K2) و پڕۆگرامی (TESS) بتوانن ژمونەی دیکەی هاوشێوەی ئەو ڕووداو و دیاردە فەلەکییە ناوازەیە بدۆزنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کرداری و تائێستا لە ڕێگەی (تلسکۆپی ئاسمانیی کیپلەر) ەوە توانراوە 20حاڵەتی دیکەی جیای تەقینەوەی مەزنی ئەستێرەیی بدۆزرێنەوە.

(سوپەر زەوی) فەلەکناسان تووشی شۆک دەکات!

تازەترین لێکۆڵینەوەو دەرئەنجامە سەرنجڕاکێشەکانی (تلسکۆپی ئاسمانیی تیشکی ژێرەوەی سووری سپیتزەر) ی سەر بە ئاژانسی (ناسا) توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی فەلەکناسیدا، نەخشەیەکی دابەشبوونی پلەکانی گەرمیی ڕووی تەنێکی ئاسمانی بکێشێت کە بە (سوپەر زەوی) ناسراوەو بریتییە لە هەسارەیەکی ڕەق، بەڵام دووجار گەورەتر لە هەسارەکەی ئێمە.
" بە تێڕوانینی ئێمە، ئەم هەسارەیە پێشکەوتوو و پەرەسەندووە! وە دواییەن ئەو زانیارییەی لەبارەیەوە دەستمان کەوتووە پێمان دەڵێ کەوا تەنانەت شەوانی ئەو هەسارەیەش گەرمە وەکو ڕۆژەکەی، کە ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان، کارامەیی لە پاراستن و گواستنەوەی پلەکانی گەرمیی دەدات بەسەر هەموو ناوچەکانی ئەو سوپەر زەوییەدا، کە جگە لە تیشکی خۆرەکەی خۆی، دەرکەوتووە خاوەن چالاکییەکی گرکانیشەو ئەوەشیان بۆتە سەرچاوەیەکی گەرمیی بۆ سەر ڕووی هەسارەکە"، لەسەر زاری (برایس ئۆلیڤێیێ دیۆری) پسپۆڕی فەلەکیی لە زانکۆی (کامبریج) ی (بەریتانی).
لە ڕووی فەلەکییەوە، ئەم هەسارە (شێوە نزیک لە زەوییە) ناسراوە بە (55 Cancri) و بە مەودای تەنها 40ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە، بەم واتایە، لە هەسارە دراوسێیە کانمانە، بەڵام زۆر لە ئەستێرەکەی خۆی نزیکەو بە ماوەی تەنها 18کاتژمێر خولێک بە دەوریدا تەواو دەکات، وە وەکو مانگی زەوی، ڕووێکی بەردەوام لە بەرامبەر خۆرەکەیەتی، بۆیە، ئەولایەیان بەردەوام (کوڵاو!) ەو چاوەڕوانیش دەکرا وەکو زۆربەی هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆرو دەرەوەیدا، شەوانی لایە تاریک و دوورەکەی لە سەرمان سەهۆڵبەندان بێت!
داتاکانی دابەشبوونی پلەی گەرمیی ڕووی هەسارەی 55 Cancri دەریخست کەوا گۆڕانکارییەکی سەرسامی دڕاماتیکی هەیە لەنێوان پلەی گەرمیی شوێنێک بەبەراورد لەگەڵ شوێنێکی دیکەی ڕووەکەیدا، وە ئەو ڕێژەیە دەگاتە جیاوازیی 1282پلەی سیلیزیی لەلایەک بۆ لایەکی دیکە، بەجۆرێک کە بەرزترین پلەی گەرمیی تۆمارکراو گەیشتۆتە سنووری 2426پلەی سیلیزی، بەڵام پلەی گەرمیی لایە تاریک و دوور لە تیشکی خۆرەکە، کە چاوەڕوان دەکرا یەگجار زۆر نزم بێت، گەیشتبووە 1126 پلەی سیلیزی! کە ئەمەش بۆتە جێگای سەرسوڕمانی پسپۆڕانی فەلەکناسی!
ئەگەرچی گرفتی حاڵی نەبوون لە ناڕێکی چۆنییەتی دابەشبوونی پلەی گەرمیی لەسەر ڕووی هەسارەکە هێشتا هەر ماوە، بەڵام گرنگترین هێماو ڕاستی ئەوەیە کەوا بەرگە هەوای ئەو هەسارەیە بە گشتی کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکی دیکەی گەرمکردن، کە بەهێزترین و ڕاستترین شیکردنەوەش بۆ ئەم نهێنییە، بریتییە لە بوونی چالاکییەکی گرکانی ناسروشتی و دەرچوون و ڕۆیشتنی بارستەی مەزنی (گڕتاو – لاڤا) ی گرکانی زۆر گەرم کە واەدەکات ئەو ناوچانەی دووریشن لە تیشکی ڕاستەوخۆو هەرە نزیکی ئەستێرەکەی، هەر بە گەرمییەکی زۆرەوە هێنێتەوە.

ڕاگەیاندن وێنایەکی خراپی بۆ پزیشکانی کورد کردووە، تاکی کورد وەک بازرگانێکی چاوچنۆک و بێهەست لە پزیشکی کورد دەڕوانێت

دکتۆر ڕەوەند محەمەد ڕەوف:

بەداخەوە ڕۆشنبیری تەندروستی تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمە تەنانەت بەراورد بە تاکێکی کوردی پارچەکانیتری کوردستانیش

دیانە: وریشە عومەر-سلێمانی



دکتۆر ڕەوەند محەمەد ڕەوف پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی هەناوی بەکالۆریۆس لە بەشی هەناوی و نەشتەرگەری گشتی، دکتۆرا لە نەخۆشیەکانی هەناوی، بەکالۆریۆس لە نەخۆشی هەناوی و نەشتەرگەری، زانکۆی سلێمانی، بۆردی کوردستانی لە نەخۆشیەکانی هەناوی، ئەزمونی ١٠ ساڵ خزمەت لە زۆربەی نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەر، بۆرۆژنامەی خەبات قسەی کردووە و وەڵامی پرسیارەکانی واداینەوە:



وەکو پزیشک چی دەڵێی دەربارەی سیستەمیەتەندروستی لە کوردستان؟

بەداخەوە سیستمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان لە بارێکی زۆر خراپ و شپرزەایە وەک هەموو بوارەکانی تر،بەداخەوە سیاسەتی حکومەت و حیزبەکان لێرە هیچ کامێکیان لەسەر ئەوە دارەنرێژراوە هەتا کەرتی تەندروستی بەرەو پێش ببرێت چونکە گۆڕینی و چاککردی کەرتی تەندروستی پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز و مادی دەوێت تا بتوانرێت بگۆڕدرێت ئەم سیستمە تەندروستیەی هەیە بەداخەوە لە وڵاتە دواکەوتووەکان پەیڕەو دەکرێت گۆڕینی ئەم سیستمە بە تاکێک و بە وەزیرێک و بەڕێوەبەرێک ناکرێت،کاتێک دەکرێت حیزبەکان کێبرکێ بکەن و سیاسەتی حکومەت لەسەر ئەوە دابڕێژرێت کەرتی تەندروستی بەرەو پێش ببرێت.

تاچەند هاوڵاتیانی کوردستان ڕۆشنبیری تەندروستی و خۆراکییان هەیە؟

بەداخەوە لەمەشیاندا ڕۆشنبیری تەندروستی تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمە تەنانەت بەراورد بە تاکێکی کوردی پارچەکانیتری کوردستان لە کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا زۆر لاوازترە زۆر بە ئاسانی هەست بە جیاوازیەکە دەکرێت،بەڵام خۆشبەختانە لە ئێستادا ڕۆشنبیری تەندروستی خەڵک بەرەو پێش دەڕوات بەهۆی زۆر بوونی بەرنامە و پەیج و بابەتە تەندروستییەکان و لەبواری خۆراکیشدا بە خۆشحاڵیەوە کۆمەڵێک پزیشک لە ئێستادا لە خەمی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی خۆراکی تاکی کوردن و بەرەو پێش چونێک هەیە.

هۆکارەکانی زۆرمردنی لەناکاو لەکوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

تا ئێستا نەتوانراوە ڕێژەی مردن تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی وورد و دروستی لەسەر بکرێت هەتا بزانین زۆرترین ڕێژەی مردن بەهۆی چ نەخۆشیەکەوەیە هەتا دوای لە هۆکارەکانی مردنەکە بکۆڵینەوە بۆ وەڵامی ئەمە پێویستت بە تۆژینەوەیە،بۆ نمونە ئەگەر دەرکەوت زۆرترین ڕێژەی مردن بە هۆی ڕوودواوەکانی هاتوچۆیە دەبێت بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین،ئەگەر بە هۆی نەخۆشیەکانی بۆریەکانی خوێن جەڵتەی دڵ و میشک بوو دەبێت بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین.

هۆکارەکانی زۆربوونی ڕێژەی شێرپەنجە بۆچی دەگەڕێتەوە لەکوردستان؟

بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێرپەنجە تەنها لە هەرێمی کوردستاندا لە هەڵکشاندا نیە لەزۆر وڵاتانی تریش لە هەڵکشاندایە بێگومان بەرەو پێش چوونی زانستی تەندروستی و بوونی ئامێر و تاقیگە بۆ دەستنیشان کردن هۆکارێکە هەتا ئەوەی جاران نەتوانراوە نەخۆشیەکەی دەست نیشان بکرێت لە ئێستادا بتوانین دەست نیشانی بکەین،بەشێوەیەکی گشتی شێرپەنجە کۆمەڵێک هۆکاری هەن بەشێکی بۆماوەییە بەشێکی تری دەرەکیە لەوانە نەبوونی ژیانێکی تەندروست و خۆراکێکی تەندروست و ژینگەیەکی تەندروست کە دەگونجێت ئەمانە هۆکار بن بۆ زیاد بوونی ڕێژەکەی کاتێک ژینگەیەکی پیس و خۆراکی ناتەندروست و خراپ و ژیانێکی پڕ لە فشاری تەندروستی و جگەرە کێشان ونێرگەلە و مەشروب خواردن زۆربوو چاوەڕێ دەکرێت ڕێژەی شێرپەنجەش ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە هەڵکشان بکات.

تاچەند جۆری خواردن کاری گەری لەسەر جەستەی مرۆڤ هەیە بۆتوشبون بەنەخۆشی؟

بێگومان خواردنی تەندروست دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی نەخۆشی و ڕێگرتن لە تووشبوون بە نەخۆشی و کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی،بۆ نمونە لە ئێستادا نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە بەرچاو لە پێشودا لە هەڵکشاندایە کە بەهۆی خواردنی ناتەندروست وبەکارهێنانی شەکر و شیرینی خواردن و زیادبوونی کێش و ووەرزش نەکردن و نەجوڵان هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی.

> بێگومان خواردنی تەندروست دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی نەخۆشی

پێویستە مرۆڤ لەماوەی چەند پشکنین بۆخۆی بکات؟

ماوەی پشکنین و جۆری پشکنین بە پێی تەمەن و کەسەکان جیاوازە و لەوڵاتانی تر پزیشکی خێزانی هەیە کە هەموو تاکێک لە ناوچەکەی نزیک خۆیدا پزیشکێکیان هەیە بەردەوام چاودێریان دەکات و ئەو پشکنیانە کەپێویستە بێت بەپێی ئەو شتانەی باسم کردن بۆیان دەکرێ ، بەڵام لێرە نییە بۆیە ئەمە کێشەیە بۆ کەرتی تەندروستی و پزیشک و هاوڵاتیش،کەسی وا هەیە هەموو شەش مانگ جارێک دەچێت کۆمەڵێک پشکنین دەکات کەهیچ پێویست ناکات و کەسی واش هەیە تەمەنی دەگات ٤٠ ساڵیش یەک پشکنین فشاری خوێن یان شەکرە بۆ خۆی ناکات هەتا لەپڕا تووشی نەخۆشیەکی کتوپڕی دەکات ئەوکات چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی زۆر مەحاڵ دەبێت.

بەپای بەپزیتان چارەسەر بۆنەخۆش بە بەکارهێنانی دەرمان گرنگترە یان لایەنی دەروونی؟ لێرە تاچەند بایەخ بەلایەنی دەرونی دەدرێت؟

هیچ نەخۆشیەک نیە بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت ئەگەر کەسەکە لایەنی باری دەروونی باش نەبێت لێرە سەرەڕای ئەوەی کوالیتی دەرمانەکان زۆربەی خراپن باری دەرونی خەڵکیش ئەوەندە خراپە و لەژێر فشاردایە کۆنترۆڵ کردن و چارەسەرکردن نەخۆشیەکەی گەلێک قورستر کردووە، بەداخەوە لێرە باری دەرونی نەخۆش فەرامۆش کراوە دەبینین ئەو نەخۆشەی کەبارێکی دەرونی باشی بۆ دروست دەکرێت لە دەوروبەری و پزیشک و کارمەند و پەرستار و نەخۆشخانەو شوێنی مانەوەی و خزمت کردن زووتر باش دەبێتەوە لە نەخۆشیەکەی بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشیکی تردا کە هەمان نەخۆشیان هەیە و ئەمەی بۆ نەڕەخسێنراوە.

بڕهاوڵاتیان بڕچارەسەری ڕوودەکەنە وڵاتانی دەرەوە،بڕچارەسەری باوەڕیان بە پزیشکی خۆمان نیە؟ چی بکرێ بۆی خەڵک باوەڕی بەپزیشکی خۆمان هەبێت؟

بەداخەوە ڕاگەیاندن وێنایەکی خراپی بۆ پزیشکانی کورد کردووە، تاکی کورد وەک بازرگانێکی چاوچنۆک و بێهەست وهیچ نەزان وێنای پزیشکی بۆ کراوە و لەپزیشکی کورد دەڕوانێت لە زیهنیدا بەهۆی ڕاگەیاندنێکی نابەرپرسانەوە تاکێک بەو شێوە پزیشک وێنای بۆ کرابێت چۆن متمانە بە پزیشک دەکات! ئەم شتە هەر تەنها لە تاکی کوردا نییە کەسێکی عەرەب لە پارێزگایەکی تری عێراقەوە دێت بۆ ئێرە چارەسەر وەردەگرێت لای پزیشکێکی کورد و تاکێکی کوردیش لێرەوە ئامادەیە بچێت بۆ ئەو پارێزگایەی عەرەبەکی لێ هاتووە بۆ هەمان نەخۆشی هەتا چارەسەر وەربگرێت لای پزیشکێکی عەرەب کە عەرەبەک متمانی پێی نەبووە، هەتا سیستمی تەندروستی چاک نەکرێت و ئەو وێنا خراپەی ڕاگەیاندن بۆ پزیشکی کوردی کێشاوە باش نەکرێت و نەسڕێتوە خەڵک باوەڕی بەپزیشکی کورد نابێت،هەر هەمان پزیشکی کوردی ئێرەیە دەڕواتە دەرەوەی وولات بە هۆی بوونی سیستمێک و پشتگیری تەواوی پزیشکی.

تاچەند؟هۆکارەکانی تەکنلۆژیا کاری گەری لەسەر تەندروستی مرۆف هەیە؟بەتایبەت مۆبایل؟

بەکارهێنانی مۆبایل و هەر تەکنەلۆژیایەکی تر ئەگەر بزانرێت چۆن بەکاربهێنرێت و بۆچی بەکاربهێنرێت سوودی زیاتر دەبێت، بەڵام کاتێک بە شێوەیەکی خراپ و ناتەندروست بەکاری بهێنیت لە زیان زیاتر هیچ سودێکی نابێت بۆت.

بڕیڤانەکانی بەدلیس ڕۆژانە دەیان کیلۆمەتر دەبڕن بۆ دۆشینی مەڕ و ماڵاتەکانیان

بڕیڤانێک: ڕۆژانە 30 مەڕ دەدۆشم، بەو شیرەی دەستمان دەکەوێت، پەنیر و ماست دروست دەکەین و دەیفرۆشین

خەبات: باکووری کوردستان

لە شارۆچکەی هیزان سەربە پارێزگای بەدلیس، ژنە ئاژەڵدۆشەکان هەموو ڕۆژێک بەمەبەستی دۆشینی مەڕ و ماڵاتەکانیان، چەندین کیلۆمەتر ڕێگا دەبڕن و دەگەنە کوێستانە بەرزەکان. ئاژەڵداران لە گوندی یەنیجیک کە ٤٠ کیلۆمەتر لە شارۆچکەکەوە دوورە، دوای کۆتایی هاتنی زستانێکی دوور و درێژ، مەڕ و ماڵاتەکانیان دەگەیەننە کوێستانە بەرزەکان.

ژنە ئاژەڵدۆشەکانی گوندەکەش بەمەبەستی دۆشینی مەڕ و ماڵاتەکانیان کە لەسەر گیانی بەسوودی کوێستانەکان دەلەوەڕن، هەموو ڕۆژێک نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر ڕێگا دەبڕن و دەگەنە کوێستانی ئۆڤی کە دوو هەزار و ٤٥٠ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

ئەو ژنانە سەرەڕای کەشوهەوای گەرم، زۆر جار بە پێ و هەندێک جاریش بەسواری گوێدرێژەکان، ئەو ڕێگا سەختە دەبڕن و دوای دۆشینی ئاژەڵەکانیش، هەمان ڕێگا دەگرنەوە بەرن و دێنەوە گوند. ئەوان ڕۆژی دووجار ئاژەڵەکان لە کوێستانەکان دەدۆشن و لە شیری ئاژەڵەکان پەنیر و ماست دروست دەکەن و دەیفرۆشن.ژنە ئاژەڵدۆش، ماشەڵڵا دەمیر کە هاوکات دایکی شەش منداڵە ئاماژەی بەوە کرد، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێت و نانی بەیانی بۆ منداڵەکانی ئامادە دەکات. ماشەڵڵا دەمیر باسی لەوەش کرد دوای ئەوەی کە کاروبارەکانی ناوماڵ تەواودەکات، دەکەوێتەڕێ بۆ کوێستانەکە و گوتی: دوای سێ کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتن لە کوێستانەکە مەڕەکان دەدۆشین. شیرەکە دەهێنینەوە لەگەڵ دەستی خۆمان. ڕۆژانە دووجار ئەم کارە ئەنجام دەدەین. کارەکەمان قورسە، بەڵام بەچێژە، چونکە ئەم کوێستانە زۆر جوانە. ژیان لە گوند زۆر سەختە. ڕۆژانە ٣٠ مەڕ دەدۆشم. بەو شیرەی دەستمان دەکەوێت، پەنیر و ماست دروست دەکەین و دەیفرۆشین.لای خۆشییەوە، قەدەر دەمیر یاسی لەوە کرد کە لە سەرلەبەیانی زووەوە بەمەبەستی دۆشینی مەڕەکان بەڕێدەکەون. قەدەر دەمیر تیشکی خستەسەر ئەوەی، ڕۆژانە دووجار دەچنە کوێستانەکان و گوتی: دەچینە کوێستانی ئۆڤی. دوای دۆشینی ئاژەڵەکان، شیرەکە دەهێنینەوە و دێینەوە. لەبەر ئەوەی کە دێینەوە باری سەرشانمان قورسە، تووشی زەحمەت دەبینەوە. هاوکات کاروباری ماڵەوەش ئەنجامدەدەین. ژیانی گوند قورسە، بەڵام ڕاهاتووین و بۆ ئێمە بەچێژە.

> ژنێک: ژیانی گوند قورسە، بەڵام ڕاهاتووین و بۆ ئێمە بەچێژە



مارتێنێللی تووشی پێکان بووە

سوڵێمان سڵێمان

یانەی ئارسێنالی ئینگلیزی بڵاوێکردۆتەوە کە هێرشبەرە لاوەکەی بەرازیلی گابرێل مارتێنێللی بەهۆی ئەوەی تووشی پێکان بووە ناتوانێت لە یارییەکانی لەگەڵ ئارسێنال بەردەوام بێت تا کۆتایی ئەم وەرزە ، یانەی ئارسێنالی ئینگلیزی لە وەرزی رابردوودا بێرن لینۆی گۆڵپار ێز هەکەشی تووشی پێکان بوو هەر بۆیە نەیانتوانی بەشداری لە یاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا بکەن.

جێی باسە مارتێنێللی تەمەن 19ساڵ بەشداری لە 26یارییدا کردووە بە درێسی ئارسێنال و هەروەها 10 گۆڵیشی بۆ یانەکەی تۆمارکردووە .

بەرشلۆنە کریستیانۆی نوێ دەڕفێنێت

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە هەوڵی رفاندنی یاریزانی سپۆرتینگ لشبۆنەی پرتوگالی (جۆیلیسۆن فیرناندێز)ە، کە بە کریستیانۆ رۆنالدۆی نوێ ناسراوە. جۆلیسۆن فیرناندێزی 17ساڵان کە بەهەمان شێوەی کریستیانۆ دەستپێکی لە سپۆرتینگ لشبۆنەوەیە، لایەنی هونەری و خێرایی و هێزی جەستەی وەک رۆنالدۆ دەیشوبهێنێ و لە ماوەکانی رابردوودا هەریەک لە یانەکانی مانچێستەر یونایتد و ئەرسنالی ئینگلیزی لە هەوڵی کڕینی دابوونە، یانەی بەرشلۆنە بە بۆندێکی گەورە دەیەوێت ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانی و لە هاوینی داهاتوودا کریستیانۆی تازە بکاتە کەتەلۆنی.

هەرچەندە کریستیانۆ رۆنالدۆ لە لێدوانێکیدا لەبارەی جۆلیسۆن دەڵێ: ”ئەستەمە وەک منی پێبکرێت!.”

بەڵام زۆربەی چاودێران جۆلیسۆن فێرناندێز بە شۆێنگرەوەی کریستیانۆ رۆنالدۆ دەزانن و پێیان وایە ئەو یاریزانە لە توانایدایە ببێتە کریستیانۆیەکی نوێ لە دنیای تۆپپێدا.





دوو یاریزانی بەشکتاش تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

یانەی بەشکتاشی تورکی رایگەیاند کە دوو لە یاریزانانی یانەکەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بەڵام یانەکە ناسنامەی ئەو دوو یاریزانەی ئاشکرانەکردووە.

یانەی بەشکتاش لە راگەیەندراوێکیدا بڵاویکردەوە کە دوای ئەنجامدانی پشکنینی یاریزانەکان، دەرکەوت کە دوو لەیاریزانی یانەکەیان بێ ئەوەی ناوەکانیان بڵێت ئەنجامەکە پۆزەتیڤ بووە و هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن.

ئاشکرابوو مێسی، ئارسەر دەردەکات

رۆژنامەی لاگازیتا دیلۆسپۆرتی ئیتاڵی روونی کردەوە کە مێسی سەرۆکی بەرشلۆنەی ئاگادارکردۆتەوە کە حەزەکات ئەو ئالوگۆڕییە لەگەڵ یانەی یۆڤینتۆس ئەنجام بدرێت و ئارسەر میلۆ بدرێتە یۆڤی و لەبەرامبەردا میرالیم بیانیچ بهێننە ریزەکانی بارسا. رۆژنامەکە روونی کردۆتەوە کە مێسی لەوکاتەوە رقی لە ئارسەر بۆتەوە کاتێک هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوی کوپا ئەمریکای 2019ی بەدەستهێناو ئەو کات مێسی هێرشی کردە سەر لایەنە پەیوەندارەکان کە ئەمە پیلانگێڕییەک بوو لەلایەن بەرازیلەوە دژ بە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، ئەمەش تا ئێستا کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوانیان هەر ماوە و بەپێی روونکردنەوەی رۆژنامەکە مێسی داوای کردووە ئارسەر دەربکەن.



کلۆپ دوای بردنەوەی ناسناوی پریمەرلیگ، چی گووت؟

بەهۆی تواناکای یۆرگن کلۆپی راهێنەری ئەڵمانی و کۆمەڵێک لە یاریزانی ناوازە، لیڤەرپوول دوای ٣٠ ساڵ بە ناسناوی پریمەرلیگ ئاشنابۆوە. دوای بردنەوەی ناسناوەکە کلۆپی راهێنەر بە چاوی پر فرمێسکەوە بەمشێوەیە باس لە بردنەوەی ناسناوەکە بۆ میدیاکان دەکات: ”هیچ قسەیەکی ئەوتۆم نییە تا بتوانم خۆشی خۆمی پێدەربڕم، بەڕاستی باوەر پێنەکراوە!. ئەوەی هاتۆتەدی زۆر لەوەزیاتر کە بیرم لێی کردبۆوە. بوونە پەڵەوان لەگەڵ لیڤەرپوول خۆش و باوەڕپێنەکراوە. ناسناوەکە پێشکەش بە جێرارد و کێنی دەکەم بەراستی ئەو ناسناوە بەرهەمی ماندووبوونی هەمووانە، بەهۆی میژووی تیپەکە کاری من ئاسانتربوو. ئەوەی بەدەستمان هێنا بەرهەمی خەباتی یاریزانەکانمە کە لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوو هەوڵیانبۆیدا، راهێنەرایەتیکردنی ئەوان بۆمن جێگەی شانازیە. ناسناوەکە بۆ ئێمەو هاندەران جێگەی خۆشحاڵیە و پیرۆزبانبێت. ئومێد دەکەم هاندەران بەهۆی برنەوەی ناسناوەکە تێکەڵ بە یەکتر نەبن و لە ماڵەوە خۆشیەکانیان دەربڕن و خۆیان لە کۆڤید١٩ ببپارێزن و لە دڵ و روحماندا خۆشی دەردەبڕین. ”

یۆرگن کلۆپ بە یەکێک لە راهێنەرە بەتواناکانی جیهان دادەنرێت و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و پەیوەندیەکی پتەو و هاوڕێیەنەی لەگەڵ یاریزانەکانی هەیە. دوای ئەوەی لیڤەرپوولی کردە پاڵەوانی ئەوروپا، ئەمسااڵیش دوای ٣٠ ساڵ لیڤەرپوولی کردەوە یانە مەزنەکەی ئینگلتەرا.



کلۆپ بە یەکێک لە راهێنەرە بەتواناکانی جیهان دادەنرێت و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و پەیوەندیەکی پتەو و هاوڕێیانەی لەگەڵ یاریزانەکانی دا هەیە

لە هاڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

(Sun. 28 Jun. 2020 No. :(5962

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



کچە کوردێک لە ئەمریکا بەزمانی ئینگلیزی ڕۆمانێک بەناوی کچانی دوکەڵ و ئاگر دەنووسێت

ڕۆمانناووس ئاڤا هوما: هەوڵمداوە خوێنەر بۆ چەند کاتژمێرێک ببێت بەکورد ..

ئاڤ هێمن ئاری

کچانی دوکەڵ و ئاگر ، ناوی ئەو ڕۆمانەیە کەبەزمانی ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە چەندین ماڵپەڕی جیهانی بەناوبانگی ئەمەریکی و کەنەدی قسەیان لەسەرکردووە و بەڕۆمانێکی سەرکەوتوو باسیان نووسینی ئەم ڕۆمانە کردووە.

باسم لە جوانی سروشتی کوردستان و بۆنی دار و درەخت و لایەنە جوانەکانی کۆمەڵگە و ئازار و مەینەتییەکانی کورد کردووە

خاتوو ئاڤا هۆما کە نووسەری ڕۆمانی کچانی دوکەڵ و ئاگر بەیەکێک لەم خاتوونە بەتوانا و سەرکەوتووانە ناوبراوە کەیەکەم ئافرەتی کوردە بەزمانی ئینگلیزی ڕۆمانێکی لەم شێوە سەرکەوتووە بنوسێت و ئەو نوسەرە ئافرەتە هەوڵیداوە لەڕێگەی چیرۆک و بەسەرهاتی خانەوادەکەیەوە چیرۆکی چل ملیۆن کورد بگێڕێتەوە و ئازارو ئاریشەکانی میللەتەکەی لەچوارچێوەی ئەم ڕۆمانەدا خستۆتە ڕوو.

ئەم خاتوونە ڕۆمانووسە دەڵێت : نەک بەتەنها لەڕێگەی نووسینی کتێبێکەوە بەڵکو لەڕێگەی دەیان کتێب ناتوانین ئازارەکانی ئەم میللەتە بگێڕینەوە کە ناوی میللەتی کوردە. دەشڵێت من لەم ڕۆمانەدا بەتەنها باس ئازارەکان ناکەم، ڕاستە باس لە ئەشکەنجە و لەسێدارە و کۆمەڵ کوژی دەکەم ، لەپاڵ ئەوەشدا لەم ڕۆمانە باسم لەجوانی کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی و شاعیر و کەسایەتییە بەناوبانگ و بەرخودانی کورد کردووە، هەروەها باسم لە خواردن و ژیانی سادە و جوانی سەبارەت بەوەی نزیکی دە ساڵ دەبێت خەریکی نووسینی ئەم ڕۆمانەیە تاهەنووکە لەنێو دڵ و ڕوح و خەیاڵی خۆیدا هەڵیگرتووە و لەئێستادا بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ئافرەتە ڕۆمانووسە دەڵێت: دەمزانی لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی ئەم ڕۆمانە دەخوێننەوە شتێک بنووسم سەرەنج ڕاکێش بێت ،بگات بەئاستی ڕۆمانە جیهانییەکان،بۆ ئەوەش پێویستم بە کات و تۆژینەوەی زیاتر هەبوو، زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی خەڵاتی جیهانیان وەرگرتووە هەوڵمداوە بەوردی بیانخوێنمەوە ، ویستوومە ئەوەش چەند جارێک بەسەر نووسینەکانمدا چوومەتەوە بۆ ئەوەی بتوانم دەوڵەمەندتری بکەم، هەوڵمدا ئەو ڕستانەی هەڵیان ۆەبژێرم بەوریاییەوە هەڵیانبژێرم ،هەوڵمداوە خوێنەر ببێت بەبەشێک لەم ڕۆمانە و کاتێک دەیخوێنێتەوە هەست بکات خۆشی بەشدارە لەم دنیایە خەیاڵییە .. هەوڵمداوە خوێنەر پرسیار لەخۆی بکات لەچ دنیایەکدایە ..

باس لەسەختی نووسین دەکات بەزمانێکی دیکە ،بۆ ئەوەش خاتوو ئاڤا هوما دەڵێت : نوسین بەزمانێکی دیکە کارێکی هێند ئاسان نییە، بەگشتی کۆمەڵگەی ئەمریکی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدارە، هەیە خۆشەویستی بۆ ئەدەب و کتێب و خوێندنەوە هەیە،هەیشە بۆ بەرژەوەندیەتی، ڕەنگە لەبڵاوکردنەوەی دوو سەد کتێبێک لەئەمەریکا کتێبێکیان لەسەر ڕۆژهەڵات بێت ،زۆربەی ئەو کتێبانەی لەسەر ڕۆژهەڵاتیش بڵاوەدەنەوە زۆربەیان سەرکەوتوونین و ڕەواجیان نییە،هەر زوو چەند دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی کتێب پێمیان گوت ئاڤا کتێبەکەت زۆر جوانە ، نوسینەکەت زۆر جوانە بەڵام ڕەنگە فرۆشی نەبێت. هەڵبەت من ئەو قسەیە لەدەزگاکان وەرناگرم،ئەوە خۆیانن ئەو بڕیارانە دەدەن، بەڵام من داوا لەخوێنەرانی کورد دەکەم پشتگیری لە هونەرمەندان و نوسەرانی خۆیان بکەن و بەڵکو بۆ داهاتووش کاری باشتر بکرێت. هەروەها ئەم خاتو و نە ڕۆمانو سە وپاسی هەموو ئەوانەش دەکات کە پشتگیریان کردووە و شتیان لەسەر ڕۆمانەکەی بەناوی کچانی دوکەڵ و ئاگر نووسیووە.



زەنجەبیل چەند جار لە دەرمانی کیمیایی دژی شێرپەنجە بەهێزترە

بەپێی تۆژینەوەی زانکۆی جۆرجیای ئەمریکا لەسەر نەخۆشی شێرپەنجە لە (مشک) دەرکەوت کە زەنجەبیلی (ووشک یا لێنراو و کوڵاو) کاریگەری بۆ چارەسەری شێرپەنجەی پرۆستات و مەمک بە (١٠٠ئەوەندە) بەهێزترە لە دەرمانی کیمیایی هەروەها هیچ زیانێکی کوشندەی نیە لەسەر شانە و خانە تەندروستەکان و تەنها خانەکانی شێرپەنجە لەناودەبات،خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە کە زەنجەبیل خانەکانی ڕیشەی گرێی شێرپەنجە لەناو دەبات کە ئەم خانانە بە دەرمانی کیمیایی شێرپەنجە لەناوناچن و دەبنە دوبارە سەرهەڵدانەوەی گرێکە.





غەدرم لێ دەکرا لەبەر ئەوەی هەموو ببوو بە هاوڕێیەتی و خزم خزمێنە.لێیان پرسی هەواداراکانت هی کارە هونەرییەکانتن یاخود هی جوانیەکەت؟ چرۆ گوتی:لەو کاتەدا هەر کەسێک بە شێوەیەک دەست خوشی لێ دەکردم ، بەڵام زیاتر ژنان پێیان ئەوتم زۆر جوانیت.هەروەها باسی لە درامای کوردی کرد کە پێی باشە درامای کوردی هەبێ، بەڵام لاسایی درامای تورکی نەکرێتەوە چونکە لە کوردستان هەموومالێک چیروکیکی هەیە.

چرۆ ئیسماعیل: لە پێناو خێزانەکانمان و کوردستانەکەمان گرینگە خۆمان بپارێزین لەم ڤایرۆسە

دیانە پەریهان عومەر

هونەرمەند چرۆ ئیسماعیل عارف لە دایکبوی شاری سلێمانیە سەرەتای کارکردنی لە کەناڵی گوڵان بووە وەکو پیشکەشکار لە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە فلمی چیارەش بەشداری کردووە، بەشداری دوو شانوگەری کردووە هەروەها لە درامای گەمەخەونە ئازادەکان بەشداری کردووە کە دەوری سەرەکی هەبووە ، پاشان لە کورتە فلمیش بەشداری کردوە بە ناوی شەوی لە دایکبونی پەپولە ، لە درامای سەلیم بەگ کە لە دەرهێنانی بەکر مەعروف بووە لە دوای درامای گەران بە دوای سێبەرەکان لە دەرهێنانی هاورێ مستەفا، پاشان کورتە فلمی نیگای مانگ لە دەرهێنانی رزگار ئەمین ،دوای ساڵی ٢٠٠٤ لە کەناڵی عیراقیە بووە بە پێشکەشکار و پەیامنێر و بەڕێوبەری پەیوەندیکان بووە ، پاشان چۆتە کوردوستان تی ڤی لە٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ وەکو پێشکەشکار لە بەرنامەی بەیانی باش کوردوستان، دوای ماوەیەک دابڕان لە ٢٠١٢ لە کەناڵی هەولێر وەکو پیشکەشکار کاری کردووە، لە ئێستا دا بەرپرسی پەیوەندیکانە لە کەناڵی ئاڤە تیڤی.لەهونەرمەند چرۆمان پرسی بۆچی لە هونەر دابڕاوی؟ لە وەڵامدا گوتی: بۆیە لە بواری هونەر دابڕام هەستم کرد